# ئەفسانەی کەلی ناوگردان

## ڕۆمان بۆ مێرمنداڵان

نووسینی: گەلاوێژ

## پێناسەی کتێب


- ✓ ناوی کتێب: ئەفسانەی کەلی ناوگردان
- ✓ بابەت: ڕۆمان بۆ مێرمنداڵان
- ✓ نووسینی: گەلاوێژ
- ✓ پێداچوونەوە و سەرپەرشتیی چاپ: ئەمین محەمەد
- ✓ تایپ: هەردی وەهبی
- ✓ دیزاین: هادی هونەر
- ✓ وێنەکانی ناوەوە: هادی هونەر
- ✓ وێنەی بەرگ: هادی هونەر
- ✓ چاپخانە: چاپخانەی کارۆ
- ✓ نۆرەی چاپ: سێیەم ساڵی ٢٠٢٤
- ✓ تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ✓ ژمارەی سپاردن: (٤٠٤) ساڵی ٢٠٠٦ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.
- ✓ لە بڵاوکراوەکانی وێب سایتی خاتوو گەلاوێژ
- ✓ www.galawezh.com

لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان چاپکراوە.

پێشکەشە:

بە خونچە گوڵەکانی هەمیشە بەهار

و نەمامەکانی تازەپشکوتوو

بە منداڵە شیرین و خۆشەویستەکان




# پێشەکی

لە ئەوروپا و وڵاتە پێشکەوتووەکان زۆر گوێ دەدرێتە کتێب و گۆڤاری منداڵان، بگرە لە تەمەنی شەش-حەوت ساڵییەوە منداڵ دەتوانێت بچێتە کتێبخانەکان تاوەکو کتێب و گۆڤار و کەلوپەلی خوێندنەوەو نووسین بە دڵی خۆی و بەپێی تەمەنی خۆی بکڕێت.

لە شـــوێنی کتێب فرۆشـــتن پڕفرۆشـــترین کتێـب کتێبی منـداڵانەیە، چونکە گوێـدان بە خوێنـدنەوەی کتێـب نیشـــانەی زیرەکیی و لـێـهـاتـوویـیە، ئەو تەمەنە بـچـووکـانە بەخوێنـدنەوەی ئەو نووســین و کتێبە جۆراو جۆرانە مێشــکیان ئەکرێتەوە و شــارەزایی زۆر پەیدا دەکەن کاتێ کە گەورە دەبن.

بـۆیە مـنـیـش حەزم کـرد کە ئەم جـارە ئەم ڕۆمـانـەتـان بۆ بنووســم. بیرم لەوە کردەوە بـۆچی مـن هەر دەبـێـت چیرۆک و ڕۆمـان بـۆ گەورەکـان بنووســم؟ ئەی بۆچی شــتێک بۆ مێردمنـداڵە شــیرینەکـانیش نەنووســم؟ ئەگەرچی ئەم ڕۆمـانـە لەســەری نووســراوە ڕۆمـانی مێرمنـداڵە و بۆ ئەوانم نووســیوە، بەڵام دیـارە بۆ ئەو تەمەنـانە نووســراوە کە بتوانێـت کتێـب بخوێنێتەوە. بەهیوام ئەم لاپەڕانەتـان لا خۆش بـێـت و دەمـێـک لەگەڵ پاڵەوانەکانی بچنە ناو ڕووداوەکـانییەوە و بە

خەیاڵ تێکەڵیان بن، ئیتر خواتان لەگەڵ هیوام هەیە هەمیشـە لە پێش و سـەرکەوتوو بن و کوردسـتانی ڕەنگین بە دیمەن و بۆنتان جوانتر بکەن.

بە ئومێدی پێشـکەشـکردنی بەرهەمی تریشم بۆ ئێوەی ئازیز و خۆشەویست.

گەلاوێژ

سلێمانی

٢٠٠٤/٤/٢٤




## وتەیەک

بەبۆچونی بەندە چاپی سێیەمی ئەم دەقە ئەدەبییە (ڕۆمانی کەلی ئاوگردان) زۆر گرنگ و پێویست بوو، چونکە لە چاپەکانی پێشودا هەندێ هەڵەو کەموکووڕی هەبوو لەڕووی پێناسی دەق و قەبارەی فۆنت و ڕێنوس و وێنەی تایبەت بەکەسایەتی و ڕوداوەکانی ناو

دەقەکە، بەڵام لەم چاپە نوێیەدا، بەئاگاداری و ڕاوێژ لەگەڵ ڕۆماننووس خاتو گەلاوێژ هەموو ئەو کەموکووڕییانە پیاچونەوەیان بۆ کراوەو ڕاستکراونەتەوە، بەبێ هیچ زیاد و کەمێک لە دەقە ئەدەبییەکە، پێویستە ددان بەو ڕاستییەدا بنێین ژانری ڕۆمان بۆ منداڵ و مێرمنداڵ لەنێو ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی نوێیەو تازە لە سەرەتادایە، نۆبەرەی ئەم ژانرە گرنگە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردو ، تائێستا چەند نووسەرێکی دڵسۆزو بەتوانا خامەی خۆیان بەگەڕ خستووەو هەوڵی باش و ڕژد یانداوە بۆ نەخشەڕێژکردنی ئەم ژانرە گرنگ و سەردەمییە، نووسەری بەتوانا خاتوو (گەلاوێژ ) سەرباری نووسینی چیرۆک و ڕۆمانی بەپێز بۆ گەورە ساڵان، منداڵ و مێرمنداڵانیشی لەیاد نەکردووەو چیرۆک و ڕۆمانی تایبەت بەخۆیانی بۆ نووسیون، خاتوو (گەلاوێژ) بەنووسینی

ڕۆمانی (کەلی ناوگردان) دەبێتە یەکەمین ژن لەبواری نووسینی ڕۆمان بۆ ئەو قۆناغە گرنگ و هەستیارە لەنێو ئەدەبی منداڵانی کورددا، هەرچەندە ڕۆمانی (کەلی ناوگردان) لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکان نووسراوە، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٦) بۆیەکەمجار چاپکراوە، وێڕای دەستخۆشیی تایبەت بۆ خوشکی گەورەمان خاتوو (گەلاوێژ) هیوای تەمەندرێژیی و لەشساخی و بەرهەمی جوانتر و ناوازەتری بۆ دەخوازم.

ئەمین محەمەد
٢٠٢٤/١٠/٢٩
سلێمانی




## بەشی (1)

ســـاڵانێـکـی دوور، زۆر دوور، لەگـونـدێـکـی خنجیلانەی بچووکدا لەدامێنی چیایەکی بەرزدا، خەڵکەکەی بە تەبایی و ئارامی ژیانیان بەسـەر دەبرد، هی وایان هەبوو هێشـتا چاوی بەشــار نەکەوتبوو، لەبەر ئەوە کەباسـی ئوتومبیلیان بۆ دەکرد بەشتێکی سەرسوڕهێنەری دەزانی.

خەڵکی ئەو گوندە وەک زۆربەی زۆری جووتیارەکانی کوردستان، بە زەویکێڵان و تۆوچاندن و دروێنە و خەرمانهەڵگرتن و نەمامناشتن و خزمەتی ڕەز و باخ و بێستانەکانیان و بەخێوکردنی مەڕومالآت و مانگا و مریشک و قاز و مراوی و عەلەشیشەوە خەریک بوون و گوزەرانی خۆیانیان پێ دابین دەکرد.

خانووەکانیان زۆربەی یەک نهۆمی بوون، بە جیاش حەوشە و گەوڕیان بۆ مالآتەکانیان کردبوو، لەو خانووە قوڕینانەدا ژیانیان بەدیار قوتیلەی نەوتین و چرای فانۆسەوە بەسەر دەبرد، بۆ خواردن و جلشتن و خواردنەوەو خۆشتن ئاویشیان بە کوندە و جەوەندە و گۆزە دەبردەوە بۆ ماڵەوە.

لە خوارئاوایەوە دوو ماڵ دیواریان هاوبەش بوو، بەڵام بە هۆی منداڵەکانیانەوە ناتەبا بوون، زۆر زوو شەڕەمنداڵ پریشکی

دەهاویشــتە ســەر ئەوانیش و لێیان دەبووە هەرا، کوێخا حەســەن و خاڵە کەریم بووبوونە بنێشــتەخۆشــەی ســـەر زمانی خەڵکەکە، دەیانگوت بێیەکیشــیان پێ ناکرێت و کەچی دایمەش شەڕ و ئاژاوەیانە.

زۆر جار خەڵکی دێیەکە لە ناو خۆیاندا دەیانگوت: بە خوا منداڵانی خاڵە کەریم بەئەدەب و بەحەیان و گوێڕایەڵن، بەڵام منداڵەکانی کوێخا حەســەن ئاگری قورەتن، بەتایبەتی زۆر خراپەکار و بەدن.

هەر واش بوو، زۆر جار کوڕە گەورەکەی کوێخا حەســەن ئاگرەکەی هەڵدەگیرســاند و لەگەڵ منداڵانی خاڵە کەریمدا دەچوون بە گژ یەکدا، ئینجا مەســەلەکە گەورە دەبوو، دایکەکانیش لەســەر منداڵ دەهاتنە قســە و دەکەوتنە جنێوی ناشرین، هەواڵ دەگەیشتە پیاوانیش، ئەوانیش دەبوون بە لایەن و ئیتر تا دەهات ناکۆکیی ئەو دوو ماڵە زیادی دەکرد.



تا لە جەژنێکدا کە کوڕەکان گەورە بووبوون و فامیان کردبووەوە، ڕیشسپیی دێیەکەیان زۆر بە سەریاندا هاتن و پێیان گوتن: ئێوە لەسەر منداڵ دەیکەنە شەڕ، ئێوە وەک برا وان، دیواری ماڵتان بە یەکەوەیە، چۆن دەبێت قسە لێک دابڕن و ناووناتۆرە لە یەک بنێن و جنێوی سووک بە یەک بڵێن.

کوڕەکانتان گەورە بوون، ئیتر دەبێت ئامۆژگارییان بکەن و بگەڕێنەوە، ئێوەش دەبێت بەڵێنم پێ بدەن ئیتر ببڕای بە بڕ نابێت شەڕ بکەن و ناشمەوێت ببیستم ڕۆژێک لە ڕۆژان خەڵک گوێی لە دەنگتان بێت. هەردووکیان بەڵێنیان دا بە دڵی ئەو دەبێت.

ڕۆژگار هات و تێپەڕی، ژیانی خەڵکەکە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهات، جگە لەوە نەبێت کە بەپێی سوننەتی ژیان کوڕان گەورە دەبوون و ژنیان دەهێنا و ماڵۆچکەی خۆیان پێکەوە دەنا و کچەکانیش گەورە دەبوون و

شــوویـان دەکرد، ئیتر یـان ژنبەژن بوو، یـان شیربایی بوو،

ئەگەرچــی زۆری ئەو ژنــخــوازیــیەی لە گــونـدەکەدا دەبـوو، بەڵام وا ڕێ دەکەوت هەنـدێـک جـاریش بووک لە گونـدێکی ترەوە بهێنن، یـان کچێکی ئـاوایی بەبووکی ببەن بۆ گوندێکی تر.

گوروونی کوێخا حەســەن حەزی لە خاوەری خـاڵە کەریم دەکرد، بە بـاوکی گوت خوازبێنیی بۆ بکات، کاتێک چوونە خوازبێنیی شــاخەوانی خاڵە کەریم کە کوڕێکی ســالار و ژیر و کارامە و خۆشــەویســـت بوو، بە بـاوکی گوت: "من خوشــکی خۆم نـادەم بە یەکێکی نەفـامی هەرزەی شەڕانی".

هەروەهـا خـاوەریش کە دڵی بە جەوهەری کـاکە ســوورەوە بوو، قـایل نەبوو شــوو بە گوروون بکـات، لەبەر ئەوە خوازبێنیکـاران بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە.

هەرچەندە ساڵانێک بوو شەڕوشۆڕ و ئاژاوە لە نێو ئەو دوو خێزانەدا نەمابوو، بەڵام قایلنەبوونیان بەو ژن و ژنخوازییە بووە گرێیەکی ڕەش لە دڵی گورووندا و لای خۆیەوە بڕیاری دا ڕۆژێکی لە دنیادا مابێت ئەو تۆڵەیەیان لێ بکاتەوە.

ماڵی خاڵە کەریمیش ئەوەندەی پێ نەچوو زەماوەندیان کرد و دوو بووکی تێدا گوێزرایەوە، خاوەر بۆ جەوهەر و سەرگوڵی خوشکیشی بۆ شاخەوان، ئەمە زیاتر ڕق و داخی لە دڵی گورووندا خەست کردەوە، بەڵام لە ترسی باوکی نەیدەوێرا دەست لە ماڵی خاڵە کەریم بووەشێنێت.

بۆ زستانی ئەو ساڵە، کوێخا حەسەن ئەمری خوای بەجێ هێنا و گوروون بووە گەورەی ماڵ. لە دوای بەینێک، خەڵکی ئاوایی هەستیان دەکرد گوروون زوو زوو گوندەکە بەجێ دەهێڵێت و کە دەگەڕێتەوە هەر جارەی

یەک-دوو میوانی بێگانەی چەکداری لەگەڵدایە، لە پاڵ ئەوەشدا ڕواڵەتی دەوڵەمەندبوون بە گوروونەوە سەری هەڵدابوو.

سەرەتا پۆشتە و پەرداخی خۆی و برا و خوشکەکانی، پاشان دەستێکی بە خانووە قوڕینەکەیاندا هێنا و نهۆمێکی تری لێ زیاد کرد و کردی بە باڵەخانە و ژێرخان، بەرە بەرەش مەڕ و ماڵاتی زیادی دەکرد و ژیانیان گۆڕانی بەسەردا دەهات.

هەندێک کەس لە ئاوایی وای بۆ دەچوون کە بە قاچاخچێتییەوە خەریکە بۆیە وا ڕۆژ بە دوای ڕۆژدا دەوڵەمەند دەبێت، بەڵام پیاوانی دنیادیدە کە کەوتنە سۆراخ، بۆیان دەرکەوت گوروون چەتەیی دەکات، لە گوندەکانی دەوروبەر چەند کەسێکی وەک خۆی تەفرە داوە، بەیانیان زوو دەچنە سەر ئەو کەلەی کاروانچیی دێهات پێیدا تێدەپەڕن، ڕووتیان

دەکەنەوە و چییان پێ بێت لێیان دەسێنن و دەچنە شار ساغیدەکەنەوە.

هەر بەوەشەوە نەوەستابوون، بنکەیان لە شاریشدا پێکەوە نابوو، هەندێک شەو لە شاردا خۆیان حەشار دەدا و دەکەوتنە دوکانبڕین و دزیی ماڵان، بەم شێوەیە تا دەهات گوروون بە دەستبڕ و پیاوخراپ ناوی دەردەکرد، بە پێچەوانەی شاخەوانەکە خەڵکەکە ڕێزیان لێ دەگرت.

گوروون بەپێی خووەکەی خۆی، شەوان خۆی و چەتەکانی هاوەڵی لە پەنا چیاکاندا و لەسەر کەلی نێوان گوندەکاندا خۆیان دادەمەزراند تا کاروانچییەکان دەردەکەوتن، ئەو گوندنشینانەی بەروبوومیان دەبردە شار بۆ فرۆشتن و دابینکردنی گوزەرانیان، لەناکاو بە زەبری چەک سەرەڕێیان لێ دەگرتن و ڕووتیان دەکردنەوە.

زۆر جار ئێســتر و گوێدرێژەکانیشــیان پێش خۆیان دەدا و دەیان برد و دەیانفرۆشــتن، یان جـاری وا هەبوو لە گەڕانەوەیـانـدا خۆیـان بۆ دادەمەزراندن، کە دەگەیشـتنە لایان، چیی پارە و پـولـیـان پـێ بـوو لـێـیـان دەسـەنـدن و بە هەناسەی ساردەوە، کاروانچی و شارچییەکان بە دەستی بەتاڵ دەگەڕانەوە.




## بەشی (٢)

خاڵە کەریم دەمێک بوو چەند فەردەیەک گەنم و نیسک و نۆکیان هەبوو دەیویست بیانبات بۆ شار بۆ فرۆشتن و دابینکردنی ژیانی ئەو زستانەیان، بەڵام شاخەوان نەیدەهێشت و دەیگوت: "یان ناهێڵم بچیت، یان خۆم دەچم، بەڵام لە ئەنجامدا باوکە کوڕەی قەناعەت پێ

کرد و گوتی: "شورەیییە بۆ من لەو چەتە ناپاکانە بترسم".

کاروان ڕێک خرا و خاڵە کەریم بەبێ ئاگاداری شاخەوانەوە تفەنگ و فیشەکدانی لە خۆی بەست و بەڕێ کەوتن، تاریکوڕوون گەیشتنە ئەو دەربەندەی لە نێوان دوو چیای بڵنددا بوو، چەتەکان لێیان دەرپەڕین، بەڵام خاڵە کەریم ئازایانە لێیان هاتە دەست و بەو تەمەنەیەوە وەک لاوێکی چاپووک کەوتە تەقە کردن لێیان. چەتەکان کە زانییان لە یەک لاوە تەقە دەکرێت، کەوتنە دەسترێژ لەو شوێنەی کە تەقەی لێوە دەکرا، تا لە تەقەیان خست و خاڵە کەریم گیانی سپارد، ئینجا چەتەکان کە هەموو دەمامکیان پۆشیبوو، دەموچاویان نەدەناسرایەوە، کەوتنە وێزەی کاروان و بە ڕقێکی زۆرەوە هەموو کەلوپەل و فەردە و شتەکانیان بە وڵاخەکانەوە پێش خۆیاندا و ڕۆیشتن.

کـاروانـی لـێـقەومـاویـش بە دامـاوی و کەساسی تەرمی خاڵە کەریمیان هەڵگرت و بە دەســتی بەتاڵ و بە کۆڵێک خەم و خەفەت و فرمێسکەوە بەرەو ئاوابیەکەیان گەڕانەوە.

هەر کە هەواڵ بـڵاو بـووەوە خەڵـکـی دێ خرۆشـــاون و بەرەو مـاڵی خـاڵە کەرێم دێن، پیـاومـاقوڵانی گونـد زۆر نیگەران بوون بەم ڕووداوە دڵـتەزێـنە و خەمـیـان بـۆ خـاڵە دەخـواســـت، کەوتـنە دڵـخـۆشـــیـدانەوەی شاخەوان و بە گەرمی سەرخۆشییان لێ کرد و گـوتـیـان: "ئەم تـاوانە هەر بەرانـبەر بە تـۆ نەکراوە، بەڵکو بەرانبەر بە هەموانە".

هەر زووش خەڵکی دێیەکە و شـــاخەوانیش پەنجەی تـاوانیـان بۆ گوروون ڕاکێشـــا، ئەمە هەمووی فیت و پلانەکـانی ئەون، لەو کـاتەدا گوروون خۆی ون کرد بۆ چەنـد ڕۆژێـک گوایە چووە بۆ شار و ئیشی هەیە.

دوای چەند ڕۆژێک گوروون گەڕایەوە ئاوایی و بە ڕواڵەت خۆی خەمبار نیشان دا و سەردانی ماڵی خاڵە کەریمی کرد بۆ فاتیحەخوێندن، بەڵام ئەم هاتنەی هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕی، چونکە هەموو هێمایەک هەر بۆ گوروون دەچوو، هەموو گومانیش هەر لەو بوو.

ڕۆژان هاتن و تێپەڕین، گوروون هەر دەوڵەمەندتر دەبوو، تا وای لێ هات تەماعی کردە خانووەکەی شاخەوان و پێی گوت:

– خۆت دەزانیت ئێمە خێزانمان زیادی کردووە و من میوانم زۆرە، ئێستاش من خەریکی بازرگانیم لە نێو شارەکاندا، لەبەر ئەوەی دەمەوێت خانووەکەتم پێ بفرۆشیت، بۆ ئەوەی بیخەمە سەر خانووەکەی خۆم.

– کاک گوروون ئەی خۆمان بچینە کوێوە؟

– خۆ تۆ لێرە هەر هەژار و نەدار و دەستکورتیت، بگوێزەرەوە بۆ ئاواییەکی تر و پارەی خانووەکەت بکە بە دەستمایەیەک و گوزەرانی خۆتانی پێ باش بکە.



– گوروون حەز دەکەم ئەو دەستە بخەیتە ژوور سەرت، من لە برساش بمرم خانووەکەم نافرۆشم، لەم خانووەدا باوکوباپیرم ژیاون و هەر لێرەش مردوون، من بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری خانووەکەم نابم و نایفرۆشم، ئەمە جێنزرگەی باوکوباپیرانمانە.

گوروون بە پرتە و بۆڵە و نیمچە هەڕەشەوە شاخەوانی بەجێ هێشت، بەر لە دوورکەوتنەوە لەبەر خۆیەوە بە شێوەیەکی وا کە شاخەوان گوێی لێ بێت گوتی: "شەرت بێت نەیەڵم لەو خانووەدا بحەوێیتەوە".

هەمووی چەند هەفتەیەک بەسەر ئەو گفتوگۆیەدا تێنەپەڕیبوو کە شەوێک لە شەوان، لە کاتێکدا ماڵی شاخەوان لە شیرینی خەودا بوون، هەستیان بە چرەدووکەڵ کرد... کاتێک ڕاپەڕین ڕوانییان لە چەند لایەکەوە خانووەکەیان گڕی تێبەربووە، خەڵکی ئاوایی لە خەو ڕاپەڕین و خێرا بە تەنەکە و گۆزە و

جەوەنە ئاویان دەهێنا تا ئاگرەکەیان کوژاندەوە.

دوای ئەوەی خێزانەکەیان ڕزگار کرد و هەندێک شڕوشیتاڵیان لە گەرووی ئاگرەکە قوتار کرد، ماڵی کاکە سووری خەزووری شاخەوان هاتن، شاخەوان و ژنەکەی و خوشک و براکانی ئەوەندەی کەلوپەلیان بۆ دەرچووبوو بردیاننە ماڵی خۆیان و دڵخۆشییان دانەوە، لەو لاشەوە خەڵکی لەبەر خۆیانەوە نەفرەتیان لەو تاوانبارە دەکرد کە ئاگری بەردایە ماڵی ئەم پیاوە بێوەی و خۆشەویست و خزمەتگوزارەی کە لای هەموان بە ڕێزەوە باس دەکرا. بۆ ڕۆژی دوایی پیاوان چوونە ماڵی کاکە سوور و بە شاخەوانیان گوت: "ئەوەی لە تۆ قەوماوە بە تەنها مەینەتیی تۆ نییە و هیی هەمووانە، خەم مەخۆ بە هەموومان دەست دەخەینە ناو دەست یەک و خانووەکەت بۆ دروست دەکەینەوە"

شاخەوان زۆر سوپاسی کردن و پێی گوتن: "دەزانم ئێوەش دەستکورتن، نامەوێت ئەرکتان بخەمە سەر، لەبەرئەوە با کاتی ئەوە بێت بەروبووم بفرۆشین، ئەوسا خوا کەریمە.

خەڵکەکە زۆریان لێ کرد کە لە سبەینێ زووتر نییە دەست بکەن بە دروستکردنەوەی خانووەکەی، بەڵام شاخەوان ئەم جارە وەک بڕیارێک بێت و دابێتی، پێی گوتن: "ئەوەی ڕاستی بێت نامەوێت ئیتر دراوسێی گوروونی ناپیاو بم، ئەگەر خوا دەستی دا لە شوێنێکی تر، خانۆچکەیەک دروست دەکەم.




## بەشی (٣)

ڕۆژێـک شـــاخەوان بـە تـەنهـا  لە ئـاوایی دەرچوو، بەرەو کەلی نـاو گردان هەڵکشـــا، بە لای ڕەزەکانی لابەلادا تێپەڕیی، هەتا گەیشـــتە کـانییەکەی نـاو کەل، تێر ئـاوی خواردەوە و کەمێـک حەوایەوە، ئینـجـا بەرەو ســەر کەل تەکانی دا.

لە دامێنی کەلی ناو گردانددا شـــوێنێکی بەرز و پاکژی بینی، کەمێک تێی ڕاما و لەبەر خۆیەوە گـوتـی: "بـۆ لـێـرەدا خـانـۆچکەیەک دروســـت نەکەم؟ لێرەوە بەســەر ئاواییشــدا دەڕوانم و نزیکیش دەبم لە خزم و کەســوکارم و خەڵکی گوندەکەم، هەروەها دەشبمە گرێی سەر دڵی گوروون و لێرەوە چاودێریی هەڵســوکەوتیان دەکەم، ســـۆراخـی ئەوە دەکەم چ کەیـن و بەینێکی لەژێر ســەردایە و بۆچی لەنـاکـاو ون دەبێت و دەگەڕێتەوە و ئەم ســـامانەی چۆن پەیدا دەکات؟"

شەو ئەم تەگبیرەی خۆی لای کاکە سووری خەزووری و جەوهەری ژنــبــرای و خــاوەری خوشــکی و ســەرگوڵی ژنی کرد، ئەوانیش پەسەندیان کرد و ئامادەیی یارمەتییان پیشان دا، ســەرگوڵ گوتی: "هەرچەندە تەنها ماڵیش دەبین، بەڵام مـادام نزیکی ڕەزەکەمـانە و تۆ وای بە باش دەزانیت، ئێمەش لەگەڵتداین".

بۆ ڕۆژی دوایی شاخەوان دەستی دایە پاچ و خاکەنازێک و بەرەو کەلی ناو گردان بەڕێکەوت. شـاخەوان پیاوێکی لێهاتووی دەسـتڕەنگین بوو، لەبەر ئەوەی کرێکاری کردبوو، سـەری لە بـیـنـاکـردن دەردەچـوو، هەروەک چـۆن ڕەزەوانێکی باشیش بوو، ئاواش وەستایەکی کارامە بوو.

کاتێک گەیشتە ئەو شوێنەی ڕۆژی پێشوو دەسـتنیشـانی کردبوو، زۆر دڵی بە شـوێنەکە خۆش بوو، لە دامێنییەوە کانی و ئاو، لەو لاوە ڕەز و باخ، ئیتر شـوێنی لێرە خۆشـتری دەسـت ناکەوێت.

بە خاکەنازەکەی نەخشـەیەکی کێشـا و بە پـاچەکەی کەوتە زەویهەڵکەنـدن بۆ بنـاغەی خـانووە خنجیلەکەی کە دەیەوێـت دروسـتی بکـات، تـا نیوەڕۆیەکی درەنـگ پـاچکـاریی کرد، ئینجا ویسـتی کەمێک بحەوێتەوە، چوو بە لای تـوێشـەبەرەکەیەوە کە سـەرگـوڵ بـۆی

پێچابووەوە، کردیەوە و دەستی کرد بە خواردنی نۆردووە نان بە تەڕەپیازەوە .

ئەو مەتارەیەشی کە لە کانییەکە پڕی کردبوو، لەو ئاوە ساردە سازگارەی نا بە سەریەوە تا تینوویەتیی شکا، بۆ تاوێک سەرخەوی شکاند و ئینجا کەوتەوە پاچکاریی و بەردهەڵکەندن لە زەوییەکە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "با هیچ نەبێت نەخشەی بناغەکەی تەواو بکەم، ئینجا داوای یارمەتی لە خزمان و هاوڕێیان و خەڵکی ئاوایی دەکەم".

شاخەوان دڵی بە کارەکەی خۆش بوو، ڕۆژ خەریک بوو لەدەم کەلەوە ئاوا دەبوو، ئەم هەر لە پاچکاریدا بوو، لەپڕ نووکی پاچەکەی دای لە بەردێکی گەورە، زۆر خەریکی بوو نەشکا، ئینجا بە پاچ و بە خاکەناز کەوتە هەڵکەندنی دەوری بەردەکە تا وای لێ هات بە خاکەنازەکەی بیجووڵێنێت و دووری بخاتەوە، کاتێک سەیرێکی ژێر بەردەکەی کرد، چاڵێکی گەورەی بەرچاو کەوت.

لە ژێر شــوێنی بەردە گەورەکە هەندێک تەنەکەی ژەنگاویی کۆن و شــتێکی کەمێک درێژی خۆڵاویی ڕزیوی کۆنی بینی، دەســتی بۆ بردن و ئەوانیشــی هەڵکەند و هەڵیدانە لای بەردە زلەکەی کە بە سەریانەوە بوو.

شـاخەوان هەر ئەوەندەی شـتە ژەنگاوی و قوڕاوییە کۆنەکانی هەڵدایە ســەر بەردەکە، لەپڕ گرمەیەک هات و کڵپەیەک ئاگر هاتە دەرەوە و بوو بە یەک چڕەدووکەڵ و دووکەڵ پەنگی خوارد، شاخەوان سڕ بوو لە ترساندا و گوتی: "خوایە بە قوربانت بم، ئەمە چی بوو!" پشتی نا بە بەردێکی زلەوە لە ترساندا.

لەپڕ لە ناو ئەو چڕەدووکەڵەدا دێوێکی زەبەلاحی درێژ بە ســەر و ڕیشــەوە لە ناو دووکەڵەکەدا لوولی خوارد و هاتە نزیکی، هەردوو دەستی بۆ شاخەوان کردەوە و گوتی: "فەرمان بکە بفەرموو، هەرچییەکت دەوێت لەم دونیایەدا من بە چاوتروکاندنێک بۆت جێبەجێ دەکەم، من ئیتر بەندە و خزمەتکاری تۆم".



شـــاخەوان ڕەنگی زەرد بوو، زمانی ئیشـــی نەکرد، لێوی سپی و وشک و ڕەق بوو، دەست و ئەژنۆی دەلەرزی و نەیتوانی لە ترســـانـدا هەناسـەش بدات، دێوە گـەورەکە دیسـان لێی هاتە پێشـەوە و گـوتی: "قوربان بزانم وەڵامم نـادەیتەوە، ئەوە مـن چیـت پێ دەڵێم؟ دەی فەرمووو وەڵام بدەرەوە".

شـــاخەوان زۆری لە خۆی کرد بەڵکو بتوانێت قســـەیەک بکـات... دەمی جووڵانـدەوە گـوتی: "تۆ کێیت؟ تۆ چیت؟ من زۆر دەترسم."

دێوە گـەورەکە بە دەنگێکی گـەورەی وەک خۆی پێکەنی و گـوتی: "مەترســـە من ئیتر هەتا مـاویـت خـزمەتـکـاری تـۆم، مـن لە ســـەدان ساڵەوە لە ناو ئەم قتووە شـووشـە بەردینەدا دیل و حەپس بووم و ئێســتا تۆ منت ئازاد کرد، من ئیتر بەنـدەی تۆم، من کـاتی خۆی بەنـدەی کەسێکی دڵڕەق بووم، زۆر ئازاری دەدام. ڕۆژێک زیندانی کردم لە ناو ئەم شـووشـە بەردینەدا و سـەرەکەی داخسـت و منی فڕێ دایە ناو ئاو و

لافاوەوە، ئیتر دیارە لافاو و قوڕ و تۆفان منیان هەڵدابووە ئەم ژێر شـــاخ و گرد و بەردانە، وا ئەمڕۆ تۆ منت ڕزگار کرد کە شـووشـە و شـتە کۆنەکـانـت هەڵـدا و فڕێـت دان، شـــووشـــە بەردینەکەم بەر ئەم بەردە زلە کەوت و شــکا و منی لێ ڕزگـار بووم، ئێســتـا تۆ هەر ئەمرێک بکەیت من ئیتر بەندە و خزمەتکاری تۆم، دەی قسە بکە و ئیتر مەترسە، چاوەڕێی فەرمانتم.

بەدەم ئەو قسـانەوە دێوەکە دەسـتی دایە پەنجەی خۆی و ئەنگوســتیلەیەکی ئـاڵتوونی سـپیی لێ دەرهێنا و دایە دەسـت شـاخەوان و گوتی مەترسە بیگرە و بیکەرە پەنجەت.

شـاخەوان کە هێشـتا هەر حەپەسـابوو، زۆر ترســا، چونکە دێوەکە زۆر لێی هاتە پێشــەوە، نـاچـار ئەنگـوســـتیلەکەی لـێ وەرگـرت و بە دەمێکی تێکەڵوپێکەڵەوە گوتی: "ســوپاس"، دێوە قیڕاندی و گوتی: "بیکەرە پەنجەت دەی"، شـــاخەوان بە دەســـتێکی تەزیوی لەرزۆکەوە ئەنگوستیلەکەی کردە پەنجەی.

دێوەکە گوتی: "دەی ئێستا چیت دەوێت لەم دنیایەدا تۆ هەر ئەنگوستیلەکەت بسوڕێنەوە لە پەنجەتدا و بڵێ و داوا بکە".

شاخەوان کە هێشتا هەر ترسی پێوە دیار بوو، هێشتا بەری نەدابوو، سەیرێکی دێوەکەی کرد و گوتی: "ئاخر چی بڵێم؟ تۆ چی دەڵێیت تێناگەم، نازانم... حەپەساوم! ترساوم!" دێوەکە گوتی: "دە تۆ ئەنگوستیلەکە بسوڕێنەوە و شتێک بڵێ.

شاخەوان دەستی برد بە ترسەوە ئەنگوستیلەکەی بە ئەسپایی جووڵاندەوە، دێوەکە لە بەردەمیدا هەڵبەزی و گوتی: "چی ئەمر دەکەیت بفەرموو".

شاخەوان دەمی تێکەڵوپێکەڵ بوو، نەیدەزانی چی بڵێت، لە کۆتاییدا لە دڵی خۆیدا گوتی: "با شتێک هەر بڵێم، بزانم چیم لێ دێت"، شاخەوان لێوی جووڵاندەوە و گوتی: دەمەوێت لەم جێگەیە خانوویەکی بچووکم هەبێت، دێوەکە سەری بۆ نزم کرد و گوتی:

"ئەمـر دەفەرمـوويـت" هەردوو دەســـتە زلە پـانەکـانـی بەیەکـدا دا و گـوتـی: "ئەهـا دەی زووو؟!"

شـــاخەوان چاوی زەق بووبوو، زمـانی لاڵ بووبوو، دیسـان لەشـی هاتە لەرزین کە بینیی بە دوو دەســـت دێوەکە هەر دەســـتبەجـێ خانوویەکی زۆر جوانی خنجیلەی چەند ژووری و حەوشـە و حەمام و سـەرشـۆرک و تەوالێت و جێی دەسـتشـتن و نوێن و کەلوپەلی جوان و چێشتخانەی جوان بە ئاگردانەوە، لەو شوێنەی دانا.

شـــاخەوان خەریـک بـوو بـبـووریـێتەوە لە خۆشـیدا، لە ترسـاندا بە سـەرسـوورمان و شـــپرزەییەکـی ئـێجـگـار زۆرەوە گـوتـی: "زۆر سـوپاسـت دەکەم، بەڵام من چۆن بوێرم لەبەر خەڵـک بـچـمە نـاو ئەم خـانـووەوە، خەڵـک و کەسـوکـارم و هـاوڕێکـانم نـاڵێن چۆن ئەمە دروست کرد و لە کوێت بوو؟"

دێوەکە گوتی: "گوێ مەدەرە کەس، بڵێ خوا بۆی ناردم و کەس من نابینێت کە بانگم دەکەیت لە خۆت زیاتر، بەڵام ئەنگوستیلەکەشت دەبێت نەدەیتە دەست هیچ کەس، دەبێت ئاگات لێی بێت". دیسان شاخەوان سوپاسی دێوەکەی کرد. دێوەکە زۆر قسەی دەکرد کە زۆریان لە وڕێنە دەچوون، وڕێنەی نەخۆش، تاوێک کە نەخۆش تای لێ دێت و وڕێنە دەکات و بە منگی قسە دەکات، بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت کە چی دەڵێت.

دێوەکە سەری بۆ شاخەوان دانەواند و گوتی: "تۆ سوپاسم دەکەیت؟ من هەتاوەکو ماوم و کوڕی کوڕت ماوە هەر خزمەتکاری تۆم، تۆ نازانیت چەندت خزمەت کردم، من ئەمە چەندەها ساڵە لە ناو ئەو شووشە بەردینە قوڕاوییەدا دیل و زیندان و حەپسەم، تۆ ئێستا ئازادت کردم، ڕزگارت کردم، هاتمە سەر ئەم دنیا خۆشە، پڕ سییەکانم هەوای پاک هەڵدەمژم، ئێستا تۆ سوپاسی من دەکەیت بۆ ئەم

خـانـووه بـچـكـۆلەیە!؟ ئەمە چـیـیە؟ تـۆ بـزانە قەسـری چۆنت بۆ دروسـت دەكەم، تۆ ئازادیت بە من بەخشـیوە، نرخی ئـازادی هەرگیز تەواو نابێت".

شـــاخەوان هەر دەتگوت خەو دەبینێـت و بڕوای بە چاو و گوێی خۆی نەدەكرد، جـاری وا هەبوو نوقورچێكی قـایمی لە قۆڵ و قـاچی خۆی دەگرت و دەیگوت بزانم ئەمەی ئێسـتا لە بەرچاومە ڕاستە یان خەوە.




## بەشی (٤)

دونیا بەتەواوی تاریک بووبوو. شـــاخەوان حەپەســـا بوو نەیدەزانی بڕواتەوە و بچێت چی بە ماڵ و منداڵەکانی بڵێت، ئایا بچێت ئێســـتا بیانهێنێت؟ یان بڕوات جاریَ ئەمشـــەو قســـە نەکات؟

دێوەکە لە خەیاڵیدا گوتی: "قوربان تۆ ئێستا چی دەکەیت؟ بۆ ناچیتەوە ناو ماڵەکەتەوە، ئەمر بکەیت ئێستا کێت بوێت دەیانهێنمە ئێرە".

شاخەوان ئیتر بڕوای پێ کرد و گوتی: "باشە من ئێستا چۆن منداڵەکانم ببینم؟ ئێستا ئاخۆ چۆن پێیان بڵێم، هەروەها پیاوێکی ناحەزم هەیە زۆری ڕق لێمە ناوی گوروونە و هەر لە خۆیەوە خۆی کردووە بە کوێخا، ئێستا بزانێت ڕەنگە ئەم خانووەشم وەکو ئەوەی ترم بسوتێنێت.

هەرخوا خۆی دەزانێت چیم بەسەردەهێنێت، زۆر لەوە ترساوم، دەزانم هەموو خەڵکی دێیەکە پێیان خۆشە کە من بکەومە خۆشییەوە، چونکە دەزانن ئەوانم خۆش دەوێت، ئەوانیش دەخەمە خۆشییەوە، بەڵام کوێخا گوروون زۆر ڕقی لێمە و خۆشیی منی ناوێت".

دێوەکە گوتی: "داخم ناچێت دەتوانم هەموو کارێکت بۆ بکەم و بتخەمە کۆشکێکی لە ئاڵتوون دروستکراو، ئەوەندە دەوڵەمەندت بکەم هەرچییەک دەخوازیت لەم دنیایەدا بۆت دروست بکەم، تەنها ناتوانم خەڵکت بۆ بکوژم یان خەڵک ئەزیەت بدەم، دەتوانم دووریان بخەمەوە لێت، دەتوانم بتپارێزم و نەیەڵم هەرگیز کەسێک بتوانێت هیچت لێ بکات، چ لە خۆت و چ لە ماڵ و منداڵت، بەڵام توانای ئەوەم نییە خەڵک لەناو بەرم".

شاخەوان بە ترس و شپرزەییەوە گوتی: "نەخێر منیش نامەوێت کەس بکوژیت، من ڕقم لە ناوی کوشتنە، پڕ بە دڵ حەز لە ئاشتی دەکەم، هەموو کەسێکم خۆش دەوێت، بەڵام بە تەنها هەر ئەو پیاوە ڕقی لێمە و باوکمی کوشت و ماڵەکەشمی سوتاند و

نەیدەهێشــت هیچ خێرێـک ببینم". دێوەکە گوتی:

- ئافەرین، دەسـتت خۆشـبێت کە حەز لە کوشـتن و ئەزیەتدانی خەڵک ناکەیت و حەز لە ئاشتی دەکەیت، بەڵام ئەو پیاوە حەدی باوکی چییە بتوانێت جارێکی ترماڵەکەت بسوتێنێت؟ چۆن دەهێڵم؟ دڵنیا بە لەوە، ئەی من پاسـەوانت نیم؟ مەگەر ئیتر هەر لە خوا بترسـیت ئەوە خوا لە هەموو کەس و لە هەموو هێزێک گەورەترە.

- زۆر سوپاست دەکەم، پشت بە خوا و تۆ ئیتر لە کەس ناترسـم، ئیتر وا باشـە بڕۆم بۆ لای منداڵەکانم تاوەکو بیانهێنمە ئێرە.

- باشە ئێستا منداڵەکانت لە کوێن؟

- لە ماڵی خەزوورمن، ماڵی کاکە سـوور، چونکە ئێستا ماڵمان نییە.

- وا چاکە هەر ئێستا منداڵەکانت بێنمە لات، لەگەڵ کێی ترکە دەتەوێت بیانهێنم؟

- نا، وا بزانم منداڵەکانم لێت دەترسن و ڕەنگە هەندێکیان زراویان بتۆقێت ئەگەر بتبینن، با خۆم بچم وردە وردە تێیانبگەیەنم.

- چۆن دەترسن لە من؟ خۆ ئەوان من نابینن، تەنها تۆ من دەبینیت، تۆی خاوەن ئەنگوستیلەکە.

- نا قەیناکە ئەمشەو با من بڕۆم و بەیانی دەیانهێنم بۆ ماڵەکەمان.

- باشە خەمت نەبێت، هیچ کەس ناتوانێت هەر نزیکی خانووەکەشت بکەوێتەوە، ئەگەر حەز دەکەیت با جارێ دەرگا دابخەین و بڕۆین.

- زۆر باشە با بڕۆین.

- (بە شــڵەژاوی و ترس و بیرکردنەوەوە) ئێســتا هەموو ســەریان ســوڕ دەمێنێت لەم کـارە، نـازانـم چـیـیـان پـێ بـڵـێـم و چـۆنـیـان تێبگەیەنم.

- خەمت نەبێت تۆ هەر بڵێ خوا بۆی ناردم، (باوێشــکێکی دا) وا دیـارە مـانـدووم و خەوم دێـت، ئـیـتـر دەمەوێـت بـتـگەیەنـمە لای منـداڵەکـانـت و منیش بڕۆم کەمێـک پشــوو بدەم.

ئـینـجـا ســەیرێـکـی شـــاخەوانـی کـرد و بە ڕوویەکـی خـۆشــەوە هەردوو دەســـتـی بـۆ کردەوە و گوتی:

- ئەک مـاڵـت ئـاوا بێت و خوا تەمەنت درێژ بکات وەک منت لە کۆیلەیی ڕزگـار کرد.

دێوەکە سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، ئەگەرچی شەو تاریک بوو، بەڵام چاوی ئەو وەکو گڵۆپی کارەبا وا بوو، هەموو ئەو ناوەی دەبینی، شەو بوایە یان ڕۆژ، بۆیە گوتی: "وای دنیا چەند خۆشە و چەند گۆڕاوە، زەمان و کاتی من چەند سەد ساڵ پێش ئێستا دنیا وا نەبوو، دیارە هەموو شتێک ئێستا گۆڕاوە، ئەگەرچی ئەوساش دنیا هەر خۆش بوو، هەموو شتێک زۆر سروشتی و بێدەستکاری بوو، بەڵام ڕەنگە ئێستا وا نەمابێت.

شاخەوان گوتی: "دیارە ژیان زۆر گۆڕاوە لەچاو ئەو کاتەی تۆ باسی دەکەیت، بەڵام ئەوەتا دێهاتی بچووکی وەکو دێیەکەی ئێمە ئەوەندە نەگۆڕاوە، بەڵام وڵاتانی پێشکەوتوو و شارە گەورەکان زۆر گۆڕاون.

شاخەوان دەستی برد ئەنگوستیلەکەی سوڕاندەوە لە ناو پەنجەیدا، دێوەکە ڕاپەڕیی، سەری بۆ نزم کردەوە و گوتی: "فەرموو چیت

دەوێـت؟ شـــاخەوان بە زەردەخەنەیەکـی گـومـانـاویـیەوە گـوتـی: "بـمـگـەیەنەرە لای منداڵەکانم".

دێـوەکە هەردوو دەســتـی دایەوە بە یەکـدا و گوتی:"ئەمردەکەیت بەسەرسەر".

هەر ئەوەنـدەی زانی شـــاخەوان گـەیشــتە مـاڵـی خەزووری لە نـاو مـنـداڵەکـانـی و لای ژنەکەی. ژنەکەی و مـنـداڵەکـانـی و خەزووری لێی کۆمەڵ بوون و گـوتیان: "ئەوە تۆ لە کوێ بوویـت؟ بۆ وا درەنگـت پێ چوو؟ نەمـانزانی چیـت بەســەر هـات و لە کـوێ بـوویـت؟ زۆر کەوتینە مەراقەوە بۆت، ترســاین تووشـــی شــتێک بووبوویت؟" ژنەکەی بە پەرۆشــەوە لێی هاتە پێشــەوە و گـوتی: "بەڕاســت بۆ وا ڕەنگـت زەرد و تێک چووە، لە نەخۆش دەچیت، چیتە خۆ شـتی خراپ ڕووی نەداوە؟" شـاخەوان بە دڵێکی خۆشــەوە گـوتی: هیچ نییە هەندێک دوور ڕۆشــتوم و مـاڵم پەیـداکرد، بەیـانی زوو

دەڕۆین بەڵام ئێستا ماندووم،بەس پرسیارم لێبکەن باجارێ نانبخۆین، هەمووتان وەرن، ماڵی خەزوریشی بانگکرد و گوتی جارێ بڕۆن دەستوپلتان بشۆن تاوەکو نان بخۆن، ناردوومە نانمان بۆ بێت.

هەموو سەریان سوڕما، منداڵەکانی تێیئالان و گوتیان ئەرێ وەڵلا بابە گیان زۆرمان برسییە، شاخەوان دووبارە پێی گوتن هەموو بڕۆن دەست و پل بشۆن، مەبەستی ئەوە بوو لە پەناوە به دێوەکە بڵێت نان بهێنێت.

ئەنگوستیلەی سوڕاندەوە و بە ئەسپایی گوتی نانمان بۆ بهێنە، بەڵام زۆرین زۆر بهێنە، دێوەکە سەری بۆ دانەواند و گوتی: "هەر ئێستا" چەپڵەیەکی لێ دا و هەر دەستبەجێ سفرە حازر بوو لە دەیان جۆری خواردنی خۆش، برنج و مریشک و قەزاتمە و بامێ و یاپراخ و

گۆشــتی مەڕ و کەباب و شــیر و میوەی هەمەجۆر.

تا لە دەستشتن گەڕانەوە سفرە داخرابوو، خواردەمەنی ڕیز کرابوو، کاتێک هاتن هەموو چاویان زەق بووەوە و شــڵەژان، بوو بە غەڵبەغەڵب و بە یەکدا دەهاتن "ماشــەڵڵا ماشــەڵڵا ئەی بە قوربانی خوا بین، ئەمە چۆن ئەم هەموو خواردنە هات، ئەوان ئەوەندە هەژار بوون تەنانەت نەیاندەزانی هەندێک لەو خواردنانە چین و چۆن ئامادە دەکرێن.

شاخەوان فەرموو فەرمووی بۆ خەزووری و زاواکەی و خێزانەکەی کرد، هەروەها ژن و منداڵەکانی بانگ کرد و پێی گوتن ئەمە بەهرەیەکە خوا داویەتی، ئیتر دەبێت ســەریان لە کاری وا ســووڕ نەمێنێت، چونکە خوا خۆی بۆی ناردووین، خوا دوایی لێتان زوویر دەبێت، نابێت کەس لە ئیشی خوا بدوێت، هەموویان سەڵاواتیان دا و دانیشتن لە دەوری سفرەکە،



قۆڵیان هەڵماڵی کە زۆریان لەوەوبەر خەریکی نووستن بوون، چونکە شەو درەنگ بوو.

هەرچۆنێک بوو هاتن دانیشتن و دەستیان کرد بە نانخواردن و پارووتێگلاندن، هەر سوپاسی خوایان دەکرد. منداڵەکانی شاخەوان شێت بووبوون لە خۆشییاندا.

شاخەوان گوتی: "سوپاس بۆ خوای گەورە نانەکە ئەوەندە زۆرە دەتوانین بیدەین بە دراوسێکانیش، ئێوە جارێ تێر بخۆن، خەمی ئەوەتان نەبێت سبەینێ خزمانیش بانگ دەکەین".

لەسەر نانخواردن حەپەسا بوون، سەیری یەکترییان دەکرد بەبێ ئەوەی ئیتر پرسیار بکەن، چونکە شاخەوان پێی گوتبوون نابێت هیچ بڵێن، بەڵام هەرچۆنێک بوو زۆر لەسەر سفرەکە بەبێ قسە دانیشتن، جار بە جار جگە لە سوپاسی خوا، کەس گوێی لە هیچی تر نەدەبوو.

نان هەڵگیرا و سەری داپۆشرا. ئیتر هەر کەسە چوو لە شوێنێک پاڵکەوت، ماڵەکە خۆی تەنها دوو ژووری بچووک و هەیوانێک بوو، کاکە سوور و خێزانی و جەهەر و خاوەر و منداڵەکانیان وەکو یاپراخ بەسەر یەکدا کەوتبوون، منداڵەکانیش هەموو لەو ژوورەدا تێک ترنجابوون، ژوورەکەی تریشی دابوو بە شاخەوان و خۆیان و منداڵەکانیان لەو ژووردا بوون.

هەرچۆنێک بوو هەندێک مات بوون، بەدەم خەیاڵی خۆشەوە ئەم هەموو خێر و بەرەکەتەی بەسەر شاخەواندا ڕژابوو، ئەوەندە سەریان سوڕمابوو، ئەوەندە کەوتبوونە گۆماوی خەیاڵ و بیرکردنەوەوە، هەر ئەوەندەیان زانی لە دەرەوە دەنگی کەڵەشێر هات، دوای بەینێکی کەمیش دەنگی چۆلەکە هات و بەرە بەرە دنیا ڕووناک بووەوە و مەلای مزگەوت بانگی بەیانی دا.




## بەشی (٥)

شــــاخەوان هەســـتـا و نوێژی کرد، لە خوا پـاڕایەوە و ســـوپـاســـی کـرد بـۆ ئەو خـێر و نیعمەتەی کە بەسەریدا باراندی.

دوای بەرچایی هەســتـا و مـنـداڵەکـانی کۆ کـردەوە و شـــوێـنـی یەک کەوتـن بـۆ مـاڵە تـازەکەیـان، ئەگەرچـی دووریـش بـوو، بەڵام

نەیویســـت لە بەرچاوی خەڵک دێوەکە بانگ بکات تاوەکو بیگەیەنێتە لای خانووەکەیان.

گەیشـــتـنە خـانـووەکە، هەر لە دوورەوە ســـەرگـوڵـی ژنـی خەریـک بـوو ببـووریێتەوە لە خۆشـــیياندا و گوتی: "ئەمە خانووی ئێمەیە؟" شــاخەوان دەســتی نایە ســـەردەمی و گوتی: "وەکو گوتم بێ قســـە بچنە ژوورەوە و هیچ مەڵێن".

لە ژوورەوە منداڵ و گەورە حەپەســا بوون، هەر دەســـیـان دەدا لە دیوار و کەلوپەلەکـان، چوونە ناو ژوورەکان و حەمام و ســـەرشـۆرک، لە هەمووشی خۆشتر دێوەکە کانییە ئاویشی گەیـانـدە حەوشـــەکەیـان و جـۆگەلەیەکـی بچووکی لێ دروســـت کرد کە دەچووە ناو گوڵ و باخەکانیەوە.

لای ئێوارە یەکێـک لە کوڕە نەوســـنەکـانی شــاخەوان هاتە پێشـــەوە لە باوکی و گـوتی: "بـابە گیـان دیســـان ئەو نـانە خۆشـــەمـان بۆ

دەهێنیت؟" شاخەوان گوتی: "نا، چونکە چێشتخانەی چاکمان هەیە و هەموو جۆرە زەخیرە و ڕۆن و برنجێکی تێدایە، هێلکەی زۆر، مریشکی زۆر... دەبێت دایکتان و خوشکەکانتان نانتان بۆ دروست بکەن".

سەرگوڵی ژنی شاخەوان هەڵیدایە و گوتی: "دە با ئەمڕۆش بۆمان بهێنن، بە خوا ئاگامان لە خۆمان نییە و هەموومان پەشۆکاوین، من لە خۆشییاندا نازانم چی بکەم، ئینجا چۆن دەتوانم بڕۆم چێشت لێ بنێم؟"

شاخەوان گوتی: قەیناکە ڕاست دەکەیت جارێ هەموو حەپەساون و هۆشتان لای خۆتان نییە، ئێستا وا دەکەم نانتان بۆ بهێنن، ئەمڕۆش قەیناکە چونکە دەزانم حاڵتان چییە"، شاخەوان ئەنگوستیلەکەی سوڕندەوە لە ناو پەنجەیدا، دێوەکە هەڵبەزییەوە لە بەردەمیدا و گوتی: "ئەمر بفەرموو قوربان، دێوەکە هەندێک لێی هاتە پێشەوە و بە زەردەخەنەوە



بە شـــاخەوانی گـوت: "قـوربـان ئەوە بـۆ لە شـــەوێوە بـانگـت نەکردووم، بە خوا زۆرم بیر دەکردیت".

شـــاخەوانیش پێکەنیی و گـوتی: "بە خوا منیش بیرم دەکردیـت، زۆر ســـەیرە بەو چەنـد ســـەعـاتەی کە پێکەوە بـووین زۆر چوویـتە دڵمەوە و ناتوانم لێت جیا ببمەوە، بەتایبەتی دوای ئەم هەموو خێر و بێرە".

دێوەکە گوتی: "قوربـان هەروەهـا منیش خراپتر بووم، کەس من نابینێت، خۆ من هەر بە دیارتەوەم، شـــەویش لە ماڵەکە لەو لای تۆ و منـداڵەکـانەوە جێیەکم بۆ خۆم پەیـدا کردبوو، پـاڵکەوتبووم و هەر زوو بۆ خۆم نووســـتم، بەیانییش لەگەڵتان بووم تاوەکو ئێرە.

دێوەکە چاوی بڕییە شـــاخەوان کە پیاوێکی زۆر ڕێکـوپـێـک و ســـەر و قـیـافەت جـوان و پـاکوخـاوێن بوو، گوتی: "بە خوا تۆ ئەوەنـدە پیاوێکی بـاشـــیت ئیتر مەگەر مردن من لە تۆ

جیا بکاتەوە" پاشـــان ســـەری بۆ دانەواند و گوتی: "باشە ئێستا چی دەفەرموون؟"

شـــاخەوان گوتی: وەڵڵا هەندێک نـانمـان دەوێت منداڵەکان برسـییانە، حەپەســاون، نـازانن چۆن لەم خـانووە خۆشـە جوانە نـان و چێشت ئامادە بکەن بۆ خۆیان".

دێـوەکە ســەری بـۆ دانەوانـد و گـوتـی: "فـەرمـان دەفەرمـوویـت گەورەم". هەردوو دەستی دا بە یەکدا و گوتی: "ئادەی زوو بکە"، هەر ئەوەنـدەیـان زانـی لە ژوورەکە ســـفـرە ڕازایەوە و بە چەندەها جۆر خواردنی خۆشـەوە، یەکەم جـارە هەنگوین و دۆشـــاو و چـایی و ســـەماوەر و پیاڵە و شـــەربەت و میوە و ئەو شتانەشی لەسەر بێت.

دیســـان منداڵ و گەورە دەورەیان لێ دا و کەوتنە نانخواردن و شـــەربەتخواردنەوە، لە ناو دێیەکەدا دەنگ بڵاو بووەوە، ئەم بەوی گوت: "کوڕە دەزانیت چی قەوماوە؟ ئەمشەو دەڵێن

شـــاخەوان بووە بە جادووگەر و ســـیحرباز، بە ســـەعاتێک خانوویەک، نەخێر کۆشـــکێکی بۆ خۆی دروســـت کردووە و هەمەجۆر کەلوپەلی تێخستووە، بڕۆن سەیری سفرە و نانی بکەن، بڕۆن ســـەیری جلی جوانی خۆی و منداڵەکانی بکەن".

ئیتر قســـە کەوتە ئـاواییەوە، زۆریشـــیـان دەیـانگوت: "یـا ڕەبی پیرۆزی بێـت، ئەوەنـدە پیـاوی چاک و ڕاســـت و بێفێـڵ و درۆیە، خوا خۆشـــی ویســـت و وای بۆ کرد" خەڵکی دێیەکە زۆر دڵیـان خۆش بوو، چونکە شـــاخەوانیـان خـۆش دەویســـــت هەرچەنـدە هەنـدێـکـیـش هەبوون حەسوودی و بەغیلیان پێ دەبرد.

کـوێـخـا گـوروون ئەو ڕۆژانە چـووبـوو بـۆ شـــارێکی گەورەی ئەو دەوروبەرە بۆ بازرگانی و شـــتکڕین، چونکە ئەوەنـدە دزیی دەکرد و خەڵکی تاڵان دەکرد و ڕێگەی بە خەڵک دەگرت و ڕووتـــی دەکـــردنەوە، بـــووبـــوو بە

دەوڵەمەندێکی زۆر گەورە، بەرە بەرە زۆربەی زەویوزاری دێیەکەی لە خاوەن مولکەکان کڕیبوو.

کاتێک کە گەڕایەوە سەیری کرد دێیەکە شڵەژاوە و خەڵک بە کۆمەڵ کۆمەڵ ڕاوەستاون و دەڵێیت شایی و زەماوەندە، کوێخا گوروون لە پاسەوانەکانی پرسی و گوتی: ئەمە چییە؟ چی قەوماوە؟ بڕۆن بزانن شایی کێیە؟ کێ ژنی هێناوە؟"

کوێخا گوروون خۆی چوار ژنی هەبوو، پاسەوانەکانی بە دێیەکەدا بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی بزانن ئەم شاییە چییە و چی قەوماوە؟ بۆچی هەموو خەڵکی ئاوا لە کۆڵان و لە ڕێگە و باندا ڕاوەستاون؟

ئەوان کە هەندێک ئاشنای خۆیان هەبوو، باسی شاخەوانیان بۆ گێڕانەوە کە چی کردووە و چیی لێ هاتووە، پاسەوانەکان بە پەلە ڕایان کرد بۆ لای کوێخا گوروون و کێشایان بە

سەری خۆیاندا و گوتیان: "ئینجا باسی چیت بۆ بکەین؟ دەڵێن شاخەوان بووە بە جادووگەر و بە دوو سەعات قەسری بۆ خۆی دروست کردووە و لەوێشەوە نان و گۆشت و کەباب و برنج و پڵاو بەسەر خەڵکی دێیەکەدا دابەش دەکات.

کوێخا گوروون سڕ بوو، قیڕاندی وەکو شێت و گوتی: "ئەمە چ قسەیەکە! ئەمە چ بێناموسێک ئەو قسەیەی کردووە؟ ئەوە ویستوویانە تووڕەتان بکەن، چۆن شتی وا دەقەومێت؟ سیحری چی و جادووگەری چی؟

پاسەوانەکان گوتیان: "قوربان درۆی چی! خۆمان چووین و لە دوورەوە خانووەکەیمان بینی، لە شاریش خانووی وا جوانی لێ نییە، کانییە ئاو و جۆگەلەشی تێدایە، دەوری ماڵەکەی هەموو باخ و گوڵ و گوڵزارە، بە سەدان مەڕ و بزن و مانگاش لە دەوری ماڵی دەلەوەڕێن و هەمووی ژوور و ئاخوڕیشیان بۆ

دروســت کراوە، بڕۆ بزانە چەند وڵاخ و ئەســپی جوان لەو دەوروبەرەی ماڵی هەیە.

گورووون مشــتێکی کێشـــا بە نـاوچەوانی خۆیـدا و گوتی: "بـاشــە خـانووەکەی لە کوێ دروســـت کردووە؟" پاســەوانەکـان گـوتیان: "لەســەر کەل، ئەو شــوێنەی کە لە گورگ و ڕێــوی و ورچ زیــاتــری لــێ نەبــوو". گورووون وەک شــێتی لێ هات و گوتی: "دەی بـا خۆم بڕۆم ببینم. بـا بچم بۆ لای و بڵێم هاتووم پیرۆزباییت لێ بکەم، پاســەوانەکان نەیـانوێرا پێی بڵێن ئـاخر تۆ مـانگێـک لەوەو پێش ماڵەکەیت ســوتاند و هەر تۆش بوویت باوکیت کوشت، ئێستا چۆن و بە چ ڕوویەکەوە دەچیت بۆ لای؟

گورووون کە خەریک بوو شـەق بەرێت کەوتە ڕێ بەرەو خـانووەکەی شـــاخەوان. لە دێیەکە ســواری وڵاخ بوو، چونکە ماڵەکەی شـاخەوان دوور بوو. لەگەڵ پاســەوانەکانیدا گەیشــتنە

کۆشکەکە، لە دەرگایان دا و کوڕێکی شاخەوان دەرکی کردەوە و گوتی کێیە؟

کوێخا گوروون گوتی ئێمەین، بە باوکت بڵێ کوێخا هاتووە پیرۆزباییت لێ بکات، کوڕەکەش بە ڕاکردن گەڕایەوە و بە باوکی گوت، باوکیشی بە پەلە چووە دەرەوە و گوتی فەرموون فەرموون بە خێر بێن، بەڵام لە دڵدا زانیی کە ئەمە هاتووە سەیری خانووەکەی بکات و دەیەوێت بەڵایەکی بەسەر بهێنێت، شاخەوان گورج دێوەکەی بیر کەوتەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی دێوەی من خۆش بێت بە خوا چاوی دەردەهێنێت ئەگەر شتێکی خراپم لێ بکات.

شاخەوان پێشیان کەوت و بۆ ژووری دانیشتنی بردن کە هەمووی پڕ فەرشی چاک بوو، بە دۆشەک و سەرین و سەردۆشەکی جوان ڕازابوونەوە، ماڵەکەی شاخەوان ئەوەندە گەورە و جوان پڕ فەرش و قاڵی بوو،

کە ماڵی کوێخا بەو هەموو پارە و دزی و دەستبڕین و تاڵانەوە نەدەگەیشتە تەوالێتی ماڵی شاخەوان، شاخەوان بانگی منداڵەکانی کرد و گوتی: "دەی منداڵ چایی و شیرینی بهێنن، دەی میوە و شتی خۆش بهێنن بۆ کوێخای کۆنە دراوسێمان".

کوێخا گوروون خەریک بوو لێک بێتەوە، دەتگوت خەو دەبینێت، دوو-سێ جار لەسەر یەک بە شاخەوانی گوت: "پیرۆز بێت ئەمە ئەم خانووە جوانەت لە کوێ بوو؟ چۆن وا زوو بۆت دامەزرا و ئەم کەلوپەلە چاکە نایابەت چۆن دەست کەوت؟

شاخەوان وەڵامی دایەوە و گوتی: ئیتر خوا گەورەیە، خوا کەسی بێکەسانە، ئەو بۆی ناردووم، ئەو ڕۆژەی تۆ ماڵەکەت سوتاندین و خێزان و منداڵەکانمت خستە کۆڵان و خوا ڕەحمی کرد کە ئەوانیش نەسوتان و منیش

هاتم هەوڵم دا و خانووەکەم پەیدا کرد، خوا بۆی ناردم.

کوێخا گوروون ویستی بە درۆ خۆی بکات بە پیاوچاک و دەستی کێشا بە ناوچەوانی خۆیدا و گوتی: "من خانووەکەم سوتاند؟ من منداڵی تۆم خستە کۆڵانان؟ کوڕە عەیبە وا بە من مەڵێ، ئێمە دراوسێی کۆنین، من چۆن وا لە تۆ دەکەم؟! من هاتم دڵم خۆشە و دەمەوێت پیرۆزباییت لێ بکەم و بزانم چۆنت توانی ئەمە پەیدا بکەیت؟"

شاخەوان گوتی سوپاست دەکەم کە هاتوویت پیرۆزباییم لێ دەکەیت، بەڵام لەڕاستیدا من تۆ بناسم هاتوویت بزانیت ئەمەم لە کوێ بووە؟ شاخەوان لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی: "هەرچۆنێک بێت تۆ ئێستا میوانی منیت و نابێت مرۆڤ میوانی خۆی بێزار بکات، قەیناکە هەرچییەکت لێ

کردووم مادام ئێستا هاتوویت بۆ لام، من لێت دەبوورم و لە بیر خۆمی دەبەمەوە.

کوێخا گوتی: "تۆ وا بیر مەکەرەوە، من نەبووم کە خانووەکەتی سوتاند و مەیخەرە سەر من، ئەگەر خانووەکەت دەوێتەوە وەرەوە من یارمەتییشت دەدەم لە دروستکردنەوەیدا".

شاخەوان زانیی ئەم بە فێڵ وای پێ دەڵێت، بۆیە گوتی: "نەخێر سوپاست دەکەم، منماڵەکەی ئێستام پێ خۆشە و هیچی ترم ناوێت، بەڵام ئەوە یادگاریی باوکمە، دەبێت هەر بمێنێت".

کوێخا هەندێک کۆکی بە درۆ دەستی بە تەزبیحەکەی دەستیدا هێنا و گوتی: "ئاخر تۆ چۆن لە ناو ئەم شاخ و کێوەدا ئیدارە دەکەیت؟ لێرە لە گورگ زیاتر هیچی دیکەی لێ نییە و بۆ منداڵەکانت باش نییە، ئێرە لەم دوورییە زۆر جێی مەترسییە بۆتان."،

شـــاخەوان گـوتی: خەمـی ئێمەت نەبێـت، سـەگی زۆرمـان هەیە و ئـاگـامـان لە خۆمـان هەیە.

کـوێـخـا لە داخـانـدا هەر چـایەکەشـــی نەخواردەوە، ئەوەندە تێک چوو و شـڵەژا، ڕق و کینە و حەسـووودی بەری چاوی گرت و وەکو کـوێـری لـێ هـات، دڵـی پەلەپەلـی دەکـرد و هەنـاسـەبڕکێی پـێ کەوتبوو کە سـەیری دەوروپشتی خۆی دەکرد و سەیری کەلوپەل و جلـی شـــاخەوان و مـنـداڵەکـانـی دەکـرد، لە خەفەتـدا نەیـدەزانـی چـی بـکـات؟ کوێخا سـەیرێکی پاسـەوانەکانی کرد و گوتی: "دەی کوڕینە هەسـتن بـا بڕۆینەوە درەنگە، ماندووین، بەتایبەتییش ئەمڕۆ لە سـەفەری دوورەوە گەڕاومەتەوە.

شاخەوان تاوەکو بەردەرگا لەگەڵیان چوو و بەڕێی کردن و بە گەرمی خواحافیزی لێ کردن. کوێخـا لەبەر دەرگـا سـەیری گوڵ و گوڵزار و

باخچە و کانییەکەی شاخەوانی دەکرد، سەیری مریشــک و کەڵەشـێر و ئەسـپ و مانگـا و مەڕەکانی کرد، ئەوەندەی تردڵی بوو بە کەباب و برژا لە داخانـدا، چونکە بینیی خەڵکی دێیەکە هەموو خەریکی ئیشــوکاری بوون و هیی وا هەبـوو زەویـیەکەی دەکـێڵا، ژنـی وا هەبـوو مەنجەڵی بە دەستەوە بوو، دەچوو مانگاکانی دەدۆشـــی، هـیـی وا هەبـوو دانـی دەدا بە مریشـکەکانی و بەو شـێوەیە هەموو خەریک بوون.

کوێخا ئاهێکی هەڵکێشــا و گوتی:" تۆ بزانە بەم پەلە پەلـیـیە ئەم هەمـوو خەڵـکەشـــی دامەزرانـدووە"، یەکێـک لە پـاسـەوانەکـانی گوتی: "وەڵڵا قوربان دەڵێن سـێ ژەمە نانیش دەدات بە هەموو خەڵکی دێیەکە و هەمووی موچەی و بۆ بڕیونەتەوە.

کـوێـخـا گـوروون قـیـڕانـدی بەسـەر پـاسـەوانەکەدا و گـوتـی: "دەمـت داخە بـا

دانەبەزم دەمت بشـکێنم. قوڕ بە سـەری! بە خوا دوو هەفتەی تری تێیدا نابێت، چیم لەوی تر کرد بە سـەری باوکی واش لەمە دەکەم، تۆ جاریێ با بۆم ڕابوەستێت".

کوێخا دەسـتی وا بە قایمی دا بە سـنگیدا، خەریـک بوو لە وڵاخەکەی بەر بێتە خوارەوە و گوتی: "ئیێ ئێسـتا خۆی دەبینێت و ئەم خەڵکە ناپیاوەش حاڵی خۆیان دەبینن، بزانە چییان بەسـەر دەهێنم، کوێخا تا بەیانی نە نانی خوارد و نە ئاوی خواردەوە و نە قسەی لەگەڵ کەس کرد، لە هەر چوار ژنەکانیشـیدا و لە داخاندا و لە دوو-سێ کەسی تریشیدا.

بەیانی زوو ناردی بە شـوێن چەتەکانیدا، کە زۆر بووبوون و لە سـەد کەس زیاتر بوون، تفەنگیشـی بۆ هەموویان کڕیبوو. بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ چەتەکانی دانیشـت و دەرکی ژووریان لەسـەر خۆیان داخسـت و کەوتنە تەگبیر و پیلانگێڕان کە چی لە شاخەوان بکەن؟

سەرکردەی چەتەکان گوتی:

- با دیسانماڵەکەی بسوتێنین.

- ناتوانین، دوو-سێ سەگی هاری هەیە نازانم چ بێشەرەفیک بۆی هێناوە، هەر بە پێوە خەڵک دەدەن بە زەویدا و خەڵک دەخۆن، ئەوەندە هارن!

- (چەتەیەکی تر) باشە جارێ با ڕابوەستین و بۆ چەند ڕۆژێک هیچ نەکەین، تاوەکو دڵنیا دەبین ئینجا بیر لەوە دەکەینەوە کە دەرمانی بێهۆشی بدەینە سەگەکانی کە خواردیان و بێهۆش بوون، ئینجا دەچین نەوت دەکەین بە ماڵەکەیدا، بەڵام ئەم جارە ناهێڵین یەکێکیان بە ساغی بێتە دەرەوە.

- (چەتەیەکی تر) نا با منداڵەکانی بڕفێنین، دوایی پێی دەڵێین یان ئەو خانووە چۆڵ دەکەیت و لەم دێیە نامێنیت، یان منداڵەکانت دەکوژین.

- (چەتەیەکی تر) نا... نا... بۆ خاتری خوا منداڵی فەقیری تێمەخەن، خۆیشمان منداڵمان هەیە، کەسمان حەز دەکەین کەسێک وا لە منداڵەکانمان بکات؟

کوێخا گوروون لەپڕ دەستی هەڵبڕی و گوتی:

- ئێوە چاوتان لەو ئەنگوستیلە زلەی دەستی هەبوو، زۆر ئەنگوستیلەیەکی سەیروسەمەرە بوو، وەکو سەروکەلەی مرۆڤ وا بوو، لەسەر شێوەی کەللەسەری مرۆڤ دروست کرابوو، هەمووشی ئاڵتوون بوو.

کوێخا پەنجەی هەڵبڕی و بڕۆی بردە سەرەوە، چاوی چەند جارێک ترووکاند و گوتی:

- تۆ بڵێیت ئەم جادوو و سیحر و بەڵایە هی ئەو ئەنگوستیلەیە بێت؟ دەبێت هەرچۆنێک بێت ئەو ئەنگوستیلەیەی لێ بدزین.

- ئینجا چۆنچۆنی لێی بدزین؟

ئێوە ڕابوەستن تاوەکو دوو ڕۆژی تر، بزانین من چ پیلانێکی بۆ دادەنێم، ئەوسا دەزانن چی دەکەم.

ئیتر ئەوە کوێخا گوروون و چەتەکانی ئەو ڕۆژە و ئەو شەوەش هەر سەرقاڵی پیلاندانان بوون بۆ لەناوبردنی شاخەوان و ماڵ و خانووەکەی.

ئەو شەوە و دوو شەوی دیکەش چەتەکانی هەر لە لای مانەوە تاوەکو گەیشتنە پیلانێکی وەک خۆیان گڵاو.

شاخەوانیش لەگەڵ خانوو و ماڵەکەی ڕاهات و دڵی کرایەوە. دڵی خۆش بوو و زووزووش لەگەڵ دێوەکەی دڵسۆزی کۆ دەبووەوە و دەکەوتنە تەگبیر و نەخشەکێشان بۆ خەڵکی دێیەکە و ئاوەدانکردنەوەی ماڵ و خانووی ڕووخاویان و

کردنەوەی دوکان و بازاڕ بۆیان، پۆشتەکردنیان و کەموکووڕی و داخوازی و جێبەجێکردنیان.

خەڵکی دێیەکە ئیتر هەمیشە لە خوا دەپاڕانەوە تەمەنی شاخەوان درێژ بکات و ئاگای لێ بێت و دوژمن و هەرچی ڕقی لە شاخەوانە شەرمەزار و ڕیسوای بکات.

بەرە بەرە شاخەوان بە دێوەی هاوڕێی خۆشەویستی گوت: "چەند خانووی بچووکی تریش لە دەوروبەری ماڵەکەی دروست بکات و نیازی بوو دوایی هەر دێیەکەش بگوازێتەوە لای خۆی و هەمووی ئاوەدان بکاتەوە.

شاخەوان کەوتە بیرکردنەوە لە زۆر شت تا بیانکات بۆ خۆی و بۆ خەڵکی دێیەکەش وەکو گەرماوی گشتیی دروستکردن بۆ خۆشتن و پاکوخاوێنی، هەروەها بیری لەوەش کردەوە لە شار شوێنێک هەیە منداڵ فێری نووسین و خوێندن دەکەن پێی دەڵێن مەکتەب، ئەی بۆ ئەویش شتێکی وا بۆ منداڵی دێیەکەی و بۆ

**منداڵەکانی خۆیشی دروست نەکات؟ بۆ منداڵیان وا دواکەوتوو بن؟ با وا بکات ئەوانیش فێری ئەو خوێندنە ببن، ئیتر هەموو ڕۆژێک شاخەوان بیری لە شتێکی تازە دەکردەوە.**




## بەشی (٦)

کوێخا گورروونیش لەسەر هەمان حاڵی دزی و چەتەیی و ڕێگرتن و تاڵانیی خەڵکدا بوو، هەر بە کیسە و گوێنی پارەیان بۆ دەگوێزایەوە ناو خانوو، بۆ ناو سندوقە داخراوەکانی، بەڵام خەم و خەفەتی هەرە گەورەشی شاخەوان و کردەوەی شاخەوان بوو، تاوەکو ڕۆژێک کە

ویستی پیلانەکەی بگێڕێت و بەڵایەک بەسەر شاخەواندا بهێنێت.

کوێخا گوروون بە دزییەوە دەستی کرد بە دانانی پیلانە گڵاوەکەی، وەڵام و نامەی نارد بۆ هەندێک ئاشنای لە شار، ئەوان وەک ئێستا حکومەتی نیشتمانی نەبوون، ئەوسا والی و دەستەوپێوەندەی حوکمیان دەکرد و دەسەڵاتیان لە دەستدا بوو.

زۆر لە دەست و پێوەند و نزیکەکانی والی و حاکمی ئەو وڵاتە دەستبڕ و کەڵەکچی و تاڵانکەر و لرفلێدەر بوون، بۆیە کوێخا گوروون لەگەڵ ئەو گرووپ و تاقمە ئاشنایەتیی پەیدا کردبوو، کاتێک کە دزی و ڕێگری و تاڵانییان دەکرد، ئەوانەی سەر بە حوکم بوون، پشتیان دەگرتن و نەیاندەهێشت تووشی زیندان و سزا ببن، بەتایبەتی کە چەتەیەکی کوێخا گوروون بگیرایە، ئیتر کوێخاش دەبوو لەوە دەستکەوتیان پێ بدات، بەو جۆرە پشتی یەکترییان دەگرت و هەموو لایەکیان لەو

دەستبڕی و تالانکاریانە دەوڵەمەند بووبوون.

لە ترسی ئەوەی ئەو هەموو دەوڵەت و سامانەی کە لە خەڵکی هەژار و فەقیریان دەدزی لە کیسیان نەچێت، بۆیە هەر زوو کوێخا گوروون نامەی بۆ ئاشناکانی لە ناو شار نارد و پێی گوتن: "بە پەلە فریامان بکەون، چونکە جادووگەرێک پەیدا بووە لە خەڵکی دێیەکەی ئێمەیە، دەڵێن ئەنگوستیلەیەکی دەست کەوتووە کە هەر بیسووڕێنێتەوە بە چەپڵەیەک کۆشکێکی بۆ دروست دەبێت و ئەوەتا دێی بۆ لادێیەکان ئاوەدان کردووەتەوە، شەو و ڕۆژ خێر و بەرەکەت و خواردن و جلیان بەسەردا دابەش دەکات، بەینییێکی تر وا بکات خەڵک ئەو دەکەن بە والی و گەورەی خۆیان و متمانە بە کەسی تر ناکەن".

کوێخا گوروون دوو ئەوەندەی تریش قسەی خراپی داخی دڵی ڕەشی خۆی لە

نـــامەکەدا ڕیــز کــرد و بـــۆ ئـــاشـــــنـــا و دەسەڵاتدارەکانی نارد، ئەوانیش بە گەیشتنی نامەکە بوو بە چرپە چرپیان و کەوتنە پیلاندانان تا فێڵ لە شـــاخەوان بکەن و بنێرن بە دوایدا، گوایە والی نـاردوویەتی بە دوایـدا تـا خەڵاتی بکـات و پیرۆزبـایی لێ بکـات و زەمـاوەنـد و شـــایی بۆ بگێڕێت، چونکە ئەو پیاوە باشــە کە وا دێهاتە کەلاوە کۆن و فەقیرەی وا بەم زوانە ئـــاوەدان کـــردووەتەوە و هەر خەریـــکـــی دامەزراندن و خۆشیی ژیانی خەڵکەکەیە.

لە کۆتـاییـدا دەعوەتی والی بۆ شـــاخەوان هات، لەگەڵ نامەیەکی ستایش و پیاهەڵدان و قســـەی باش، شـــاخەوان دڵی خۆش بوو و گوتی: "دیارە پیاوچاک مـاون لەم دنیایەدا کە بـیر لە کـردەوەی بـاش و خێر و خـۆشـــی بـۆ مـیـلـلـەت و هەژاران بـکەنەوە، ئەوەتـا والـی دەعوەتنامەی بۆ ناردووم، منیش دەبێت بڕۆم و دیاریی چاکیشیان بۆ ببەم".



سەرگوڵی ژنی شاخەوان ژنێکی ئێسکسووکی عاقڵ بوو، زۆر بەڕێز و میهرەبان بوو، هەر خەریکی منداڵەکانی بوو، منداڵی خەڵکیش وەکو منداڵی خۆی خۆش دەویستن زۆریش شاخەوانی مێردی خۆش دەویست، هەروەها شاخەوانیش ئاشقی ژنەکەی بوو و ڕێزی لێ دەگرت.

سەرگوڵ لە شاخەوان هاتە پێشەوە و بە ئەسپایی پێی گوت:

- ئەرێ تۆ بڵێیت ئەمە فێڵ نەبێت؟ ئەمە کەین و بەین و پلانی کوێخا گوروونی ئاگرتێبەربوو نەبێت؟

- نەخێر ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ کوێخا گوروونی چی و حاڵی چی! ئەوەتا مۆری والی بە کاغەز و نامەکەوەیە.

- ئێ بڕوام پێ مەکە، بە خوا زۆر دەترسم ئەمە پیلان بێت.

- گوێ مەدەرێ خوامان هەیە.




## بەشی (٧)

شـــاخەوان نەیـدەتوانی ئەو نهێنییە بۆ ژنە خۆشـەویسـتەکەی ئاشـکرا بکات و باسـی دێوەکەی هاوڕێی بۆ بکات، چونکە شـــاخەوان دێوەکەی هەبوو، بۆیە زۆر دڵنیا بوو و لێشـی نەدەترسا. شاخەوان بە تەنها چووە ژوورەکەی خـۆی و دەرکـی لەسـەر خـۆی داخسـت، ئەنگوسـتیلەکەی لە پەنجەیدا سـوڕاندەوە و

دێـوەکە لە بەردەمـیـدا هەڵـبەزی و گــوتـی: "فەرمووو قوربـان فەرمـان بکە بەســەر ســەر و بەسەر چاو".

شاخەوان سوپاسی کرد و هەواڵی پرسی و گوتی: "کاتێک ناتبینم زۆرت بیر دەکەم، بەڵام ئەوەتا خۆت ئاگاداریت ســەرم زۆر قاڵە و هەر خەریـکـی ئـیشـــوکـاری خەڵـکـم"، هەر بە پێکەنینەوە گـوتی: "خۆت ئـاگـاداری چونکە خۆت هەموو ئیشـەکانیان بۆ دەکەیت، ئەگینا تۆ نەبیـت من دەســەڵاتم چییە؟ من لە کویٚ دەتوانم ئەو کـارانە بکەم، لەبەر ئەوە دەبێـت هەر ســوپاســی تۆ بکەم و هەموومـان هەر مەمنوونی تۆ بین".

دێـوەکە کە وەک هــاودەم و هــاوڕێــی شــاخەوانی لیٚ هاتبوو ســەری بۆ شــاخەوان دانەواند و گوتی: "قوربان تۆ هەر فەرمان بکە سەرم پێوە نییە بۆت".

شاخەوان هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: "نامەی والیم بۆ هاتووە دەعوەتی کردووم تاوەکو سوپاسم بکات و ئاهەنگم بۆ بگێڕێت، بەڵام هەندێک کەوتمە مەراقەوە کوێخا گوروونەکەی باسم بۆ کردیت کە زۆر ڕقی لێمە، نەوەکو لەگەڵ ئاشنا دزەکانیدا پیلانێکیان بۆ دانابم؟!"

دێوەکە کەمێک ڕاوەستا و چاوە گەورەکانی بەملا و بەولادا گێڕا و دەستە گەورە پانەکانی بە سەر و ڕیش و قژی خۆیدا هێنا، بە دەنگە گەورە زلەکەیەوە گوتی:

- قوربان وەڵڵا منیش کەوتمە مەراقەوە، دەترسم ئەمە فێڵ بێت، بۆچی قەت لەوەوپێش ئەو پیاوە گەورانە تۆیان نەناسیوە؟"



- نا بابە، ئێمەی هەژارو دڵپاک و ساویلکە کە هەر خەریکی زەوی کێڵان و کشـــتوکـاڵ بـــوویـــن، تەنـــانەت ئەوان هەر نـــاوی دێیەکەشـــمـان نـازانن، ئـاخۆ چۆنە و لە کوێیە تاوەکو من بناسن.

- بە داخەوە من توانـای ئەوەم نییە بزانم ڕاســـت دەکەن یان ئەوە پیلانە، ئەو کـارە هەر خـوای گـەورە دەیـزانـێـت، بەڵام مـن دەتـوانـم لەگـەڵـتـدا بـێم و ئـاگـام لـێـت بـێـت، چـونـکـە کەســیش نـامبینێت، لەبەر ئەوە من هەر لە لای شـــان و پشـــتـت ڕادەوەســتم و کەس نـاتوانێت هیچت لێ بکـات، ئەوەی زیـانـت پێ بگەیەنێـت چـاوی هەڵـدەکۆڵم، بەڵام دەبـێـت زۆر ئاگات لە ئەنگوستیلەکەت بێت، چونکە کە بردیـان، ئیتر من نـاتوانم هیچـت بۆ بکەم و دەبـــمە خـــزمەتـــکـــاری ئەو کەســـەی ئەنگوســـتیلەکە دەبـات، حەز بکەم یـان حەز نەکەم، دیـارە حەز نـاکەم پیـاو و خزمەتکـاری کەسی تر بم لەم دنیایە لە تۆ زیاتر، چونکە زۆرم

تۆ خۆش دەوێیت و سەرم لەسەر تۆ دادەنێم، بەڵام مـن چـارەنـووســـم بەســـتراوە بەو ئەنگوستیلەیەوە.

– دەڵێیت چی نەچم؟

– دەترسم ئەوسا بڵێن ناردوویانە بیگرن، چونکە بە قسـەی والیی نەکردووە و فەرمانی شکاندووە.

شـــاخەوان و دێـوەکە هەر وا دەهـاتـن و دەچوون و کەوتنە گێژاو و مەراقەوە.

دوای دوو ڕۆژ، لە کۆتاییدا شـــاخەوان ناچار بوو بڕیار بدات بە دەسـت و دیارییەکی زۆرەوە بـکەوێـتە ڕێ بەرەو لای والـی لەگەڵ چەنـد کەسـێکی دڵسـۆز و ئاشــنا و خزمی خۆی کە ئەوانیش دەترسان ئەو چەتە و دز و تاڵانکەرانە شـتێک لە شـاخەوان بکەن، دیارە دێوەکەش هەر لە پشــت شـــاخەوانەوە دەڕۆیشـــت و هەمـوویـانـی دەبـیـنـی، بەڵام کەس ئەوی نەدەبینی.




## بەشی (٨)

چوار ڕۆژ بوو بە ڕێوە بوون، چونکە بە وڵاخ دەڕۆیشتن. تاوەکو گەیشتنە شارە گەورەکەی والی، کە دەزگای حکومەتی ئەو کاتەی لێ بوو، ئەوانەش کە ئاشنای کوێخا گوروون بوون، چەندین زەلام و وڵاخیان ناردبوو بەپیر شاخەوان و هاوڕێکانیەوە، تاوەکو شوێن و جێگەیان نیشان بدەن و

بیبەنە لای والی. کاتێک شەو گەیشتن، پێیان گوتن: "ئەمشەو پشوو بدەن. دوای بەیانی، بۆ نیوەڕۆ دەبێت بچنە خزمەت والی" بەو بیانووەوە بردیاننە شوێنێک تاوەکو بنوون.

چەتەکان و هاوڕێکانی کوێخا گوروون کەوتبوونە چالاکیی و پرتەپرت، سەرنجدانی جل و دەست و پلی شاخەوان و زوو زووش هەواڵیان دەدا بە یەکتری کە ئەنگوستیلەکەی شتێکی سەرسوڕهێنەرە، کوێخا گورونیش کە لە شوێنێکی تر دانیشتبوو، ڕێ و شوێنی بۆ گرووپەکەی دادەنا، بەڵام خۆی پیشانی شاخەوان نەدەدا.

هەرچۆنێک بێت شاخەوان و هاوڕێکانی سەریان نابوو بە یەکەوە لەتاو ئەو فێڵبازانە خەو نەدەچووە چاویان.

شاخەوان بە بیانووی دەستشتنەوە چووە پەنایەک و ئەنگوستیلەکەی سوڕاندەوە و دێوەکە لە بەردەمیدا هەڵبەزی و ئامادە بوو و

هەردوو دەستی نایە سەر سەری خۆی و سەری بۆ شاخەوان دانەواند و گوتی: "ئەمر بفەرموو قوربان؟"

شاخەوان بە چرپە لێی چووە پێشەوە و گوتی: "هەموو سەیری ئەنگوستیلەکەیان دەکرد، تۆ بڵێیت کردەوەیەکی خراپمان لەگەڵ نەکەن؟ تۆ بڵێیت نهێنیی ئەم ئەنگوستیلەیەیان زانیبێت؟"

دێوەکە سەری نایە پەنا گوێی شاخەوان و گوتی: "خەمت نەبێت چاری ئەوەم کردووە"، دێوەکە بە زەردەخەنەوە دەستی دا بە یەکدا و بە ئەسپایی گوتی: "ئادەی زوو بکەن".

شاخەوان هەر ئەوەندەی زانی دەستێک جلی تازە لەگەڵ جلی ژێرەوە و پێڵاو و جووتێک گۆرەوی کە بە جوانی خرابوونە کیسە و بوخچەیەکی پاک و جوانەوە، خرانە بەردەم شاخەوان.

دێوەکە بە چرپەوە بە شـاخەوانی گوت: "بڕۆ ئەم جـلانە لەبەر بـکە، لە شـــەڕواڵەکەدا گیرفانێکی زۆر قایمی تێدا دروســت کراوە بۆ ئەنگوسـتیلەکەت تا بیخیتە ئەو گیرفانەتەوە، کە ئـیشـــت بە مـن هەبـوو دەســـت بـخەرە گیرفـانەکەتەوە و هەر زوو ئەنگوســتیلەکە دەچێتە پەنجەتەوە، پاشـان بیسـوڕێنە تاوەکو گورج لە بەردەمتدا هەڵدەقوڵێم".

دێوەکە دەســتی برد بۆ بـاخەڵـی خـۆی و ئەنگوســتیلەیەکی وەک و ئەوەی دەســتی شـــاخەوانی دەرهێنا و گوتی: " کاتێک دەچیتە لایان ئەنگوسـتیلە ڕاسـتەقینەکەت بخەرە ئەو گیرفـانەتەوە و ئەم درۆینەیە بکەرە پەنجەت"، شـــاخەوان سـەری ســوڕما و حەپەســا لەم تەگبیرە چاکەی دێوەکە، هەروەها سـەریشـی لەوە ســوڕمـا ئەنگوســتیلەکە هەر عەینی ڕاستییەکەی دەستیەتی.



شاخەوان سوپاسی دێوەکەی خۆیّ کرد و گوتی: "هەر بژیت بۆ خۆت و تەگبیرت، ئێستا بۆمان دەردەکەوێت ئەم بانگکردنەم لەبەر چییە، بێگومان ئێستا خەیاڵیان لە ئەنگوستیلەکە داوە".

دێوەکە بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی: "ئیتر بڕۆ خوات لەگەڵ بێت، منیش وا لە تەنیشتتەوەم هیچ خەمت نەبێت"، دێوەکە ون بوو و دیار نەما. شاخەوانیش چوو بە پەلە جلە تازەکانی لەبەر کرد و ئەنگوستیلە ڕاستییەکەی خستە ئەو گیرفانەوە کە دێوەکە پێی گوتبوو، ئەنگوستیلە درۆینەکەشی کردە پەنجەیەوە.

دوای چایی خواردنی بەیانی، پیلانگێڕە ئاشناکانی کوێخا گورووون هاتن و بە شاخەوانیان گوت: "دەی با بڕۆین بۆ خزمەت والی، جەنابی چاوەڕێت دەکات"، شاخەوان و هاوڕێکانی شوێنیان کەوتن و ڕۆیشتن بۆ

شوێنێکی زۆر دووری چەند سەعاتی. گەیشتنە شـوێنێک و بە شـاخەوانیان گوت: "فەرموون داببەزن کەمێک پشــوو بدەن، چونکە وەزیر و پـیـاوە گەورەکـان لـێـرە چـاوەڕێـتـان دەکەن تاوەکو پێکەوە بچن بۆ لای جەنابی والی".

ئەوانـیش دابەزین و شـــوێـنـیـان کەوتـن، شـاخەوان لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبێت ئەمانە چییان بە دەســتەوە بێت؟ ئێمەیان لە چەنـد شــوێن دانـا و دابەزانـد!" نـاچار شـــاخەوان و هـاوڕێکـانی چوونە ژوورێک کە ســەیر دەکەن کۆمەڵێـک لەو خەڵکە فێڵبـاز و خۆپەرســتە دانــیشـــتـوون و هەر بە ســەر و دیـمەن و شێوەیاندا دەردەکەون چین و چەند لە دەستبڕ و فێڵباز و دزەگەورەکان دەچن.

شاخەوان سڵاوی کرد و دانیشت، ئەوانیش بەخێرهاتنیان کرد و گوتیان: "کاتژمێرێکی تر لە خزمەت والیـدا دەبین، زۆر بە پەلە چـاوەڕێـت دەکات، شـاخەوان سـوپاسـی کردن و گوتی:

"ئەوە نییە منیش هاتم و حەز دەکەم جەنابی والی ببینم".

شـــاخەوان هەر دانیشـــت و دانەنیشـــت، یەکـێـک لە دانـیـشـــتـوان کە لەوە دەچوو لە هەموویان گەورەتر بێت، سـەیرێکی دەسـتی شـــاخەوانی کرد و گوتی: "یا خوا پیرۆزت بێت، ئەمە ئەم ئەنگوستیلە جوانەت لە کوێ کڕیوە و چۆنچۆنی دەسـتت کەوتووە؟! ئەگەر لەوە ببوایە دەمکڕی".

شـــاخەوان کە دەیزانی نیـازیـان چییە، خۆی گورج کرد و بێ ئەوەی بشـــڵەژێت بە دڵێکی پـاکەوە گـوتـی: "ســـوپـاســـت دەکەم، ئەم ئەنگوسـتیلەیە لە باب و باپیرە گەورەوە بۆم مـاوەتەوە، بـاوک و بـاپـیـریشـــمـان هەر هەڵـیـانـگـرتـووەتەوە و دڵـیـان نەهـاتـووە بـیـفەوتـێـنـن، ئـێـســـتـا مـن دەرمـهـێـنـاوە و کردوومەتە دەسـتم وەک یادگارییەکی دێرین و پیرۆز".

دیســـان هەمـان کەس کە یەکێـک بوو لە وەزیرەکـانی والی، گـوتی: "بەڕاســتی جوانە، ئەمە دیارە کار و پیشــەی زۆر زۆر کۆنە، دوایی کە چووینە لای جەنابی والی، لێت وەردەگرین تاوەکو ئێمەش لە سەری دروست بکەینەوە، شتێکی زۆر نایابە".

شـاخەوان گوتی: "باشــە بەســەرچاو، ئێوە دەتـوانـن لای وەســـتـا و زەڕەنـگەر هەر لەم شێوەیە بۆ خۆتانی دروست بکەنەوە".

شـــاخەوان لە دڵـی خـۆیـدا گـوتـی: "ئەهـا نەمگوت ئەمە هەمووی پیلانە و مەسـەلەکە تەنها ئەنگوسـتیلەکەیە، شـاخەوان لەژێرەوە پێکەنینی دەهات و لە دڵی خۆیدا گوتی: "قوڕبەسـەرتان، ئێسـتا دەبینن چیتان بەسـەر دێت".

وەزیری ســـاختەبازیش لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئینجا ئەمە ئەگەر ئەنگوســتیلەکەی وەکو گـوروون دەڵێت هەمووی جادووە، چۆن وا بە

ئاسـانی دەڵێت باشـە پێتان دەدەم بڕۆن لێی دروست بکەن".

ئینجا بوو بە چرپەچرپ لەگەڵ گرووپەکەی و بوو بە قسە و باسیان کە ئەمە چۆن شاخەوان دەڵیت باشـە ئەنگوسـتیلەکە بەرن لەسـەری دروسـت بـکەنەوە بـۆ خـۆتـان، ئەگەر ئەنگوسـتیلەکەی جادووگەرانە بێت! تا وایان لێ هات هەندێکیان دەستیان کرد بە جنێودانی کوێخا گوروون و گوتیان: خەریکە قسـەکانی هەمووی دەبێتە درۆ، هەندێکی تریان گوتیان دە جارێ با بگەینە خزمەتی والی، ڕەنگە ئێستا بە درۆ وامان پێ بڵێت و لای والی شـتێکی تر بڵێت".




# بەشی (٩)

لە کۆتاییدا گەیشتنە لای والی، والی پیاوێکی چوارشانە بوو، جلی جوان و ڕەنگاوڕەنگی لە بەردا بوو، کڵاوێکی بەرزی لە سەردا بوو، بە چەندەها نقێم و ئاڵتوون ڕازابووە و لەسەرکورسییەکی گەورە و پانی بە دۆشەک و سەرینی جوان و ڕازاوەوە

دانیشـــتبوو، خەڵکەکەش لەســـەر زەوی لە دەوری دانیشتبوون.

شـــاخەوان لەگەڵ هاوڕێکانیدا و ئەوانەی هێنابوویان، چوونە ژوورەوە و یەکێک لەوانە چوو بۆ لای والی و ســـەری بۆ نزم کرد و گوتی: "قـوربـان ئەوە ئەو پـیـاوە هـاتـووە کە دەیـانگوت: دێهـاتی ئـاوەدان کردووەتەوە و یـارمەتی خەڵکی هەژار دەدات، تۆ فەرمووت بوو دەتەوێت بیبینیت". والی کە پیاوێکی ژیر بوو، گوتی: "با بێت".

شاخەوان گەیشتە بەردەم والی و سڵاوێکی کرد و ســـەری بۆ دانەواند و گوتی: "قوربان وا هاتوومەتە خزمەتت".

والی گـوتی: "بە خێر هـاتیـت، وەرە لامەوە دابنیشـــە، هەروەهـا ئەوانەی لەگەڵیشـــتـدا هاتوون با بێن".

شـاخەوان و ئەوانەی لەگەڵی بوون بەسـەر دانەوانـدن و ڕێزێکی زۆرەوە چوون لە بەردەم

کورسییەکەی والیدا دانیشتن، والی بانگی کردە زەلامەکانی بە زووترین کات نان و خواردن بۆ شاخەوان و هاوەڵەکانی ئامادە بکەن.

ئەوانیش خێرا چوون بە لای خواردنەکانەوە و والی بە شاخەوانی گوت: "من حەزم کرد بتبینم، ئەگەرچی وەزیرەکەم و ئەوانەی هاتبوون بە دواتدا وا باسی تۆیان بۆ گێڕامەوە کە لە قسەکانیاندا دەرکەوت کە کەسانێک چەندیان ڕق لێتە و حەز دەکەن لەناوت بەرن بە هۆی ئەو چاکە و ئیشانەی بۆ هەژار و بێدەسەڵاتەکانت کردووە. من ئەوانە دەناسم کە چین، بۆیە گوتم بنێرن با بێتە لام بۆ ئەوەی وا بزانن من لەجیاتی پیاوەتی و چاکەی تۆ، شتێکت بەسەر دەهێنم، بەڵام بە پێچەوانەوە من زۆر دڵخۆش بووم بە باسی کردەوەکانت و حەزم کرد بێیت بۆ لام تاوەکو سەرقاڵیان بکەم بەم هاتن و چوونەت و ئیتر ماوەیان نەبێت بەڵایەکت بەسەردا بهێنن".



شاخەوان سەری بۆ والی دانەواند و گوتی: "قوربان من زۆر سوپاست دەکەم، من مرۆڤێکم دڵم پاکە و شارەزای فرتوفێڵ نیم و لە ڕاستی و ساغی، زیاتر هیچی تر نازانم".

وەزیرە فێڵبازەکە و کومەڵەکەیان، کە لە دوورەوە بینییان والی پێدەکەنێت لەگەڵ شاخەوان و قسەی لەگەڵدا دەکات، خەریک بوو شەق بەرن و بە ماتی و بە داخەوە بە یەکترییان دەگوت: "ئەوە چییە! بزانین بوو بە عەزیز و خۆشەویستی والی، ئێمە وامان دەزانی لەبەر ئەوەی باسی جادوو و کردەوەکانیمان بۆ والی گێڕاوەتەوە، ئێستا دەستبەجێ زیندانی دەکات و ئەنگوستیلەی لە دەست دەردەهێنێت و دەیداتە بەرشەق و زلە، کەچی بزانە چۆن بەدەمیەوە پێدەکەنێت!".

یەک-دوانێکیان تووڕە بوون، گوتیان: وەڵا ئێستا دەچینە سەرکوێخا گوروون و حەشری پێ دەکەین، ئەمە هەمووی تەگبیری ئەو بوو،

ئەگینا ئەمەی بۆچی بوو!؟ هاتنە لای والی بۆچی بوو؟! خۆمان دوایی هێرشمان دەکردە سەری و یان لە ڕێگەوبانێکدا ڕێگەمان پێ دەگرت و دەمانکوشت و ئەنگوستیلەکەمان لێ دەسەند و ماڵیشمان تاڵان دەکرد.

ئەوی تریشیان گوتی: "دە ئێوە جارێ وا خۆتان تووڕە مەکەن و مەیکەن بە هەرا، خۆ سبەینێ یان دوو سبەی دەگەڕێتەوە، ئەوسا چەتەکان دەنێرین لە ڕێگە بزانن چی بەسەر دەهێنن، لە بەرچاوی والییش زۆر بەخێرهاتنی دەکەین و ڕووی خۆمانی لەگەڵ خۆش دەکەین"، ئیتر ئەو تاقمە هەر دەستیان دەدا بە دەستدا و شپرزە بووبوون و خەریک بوون لێک بنەوە لە داخی شاخەوان و ئەنگوستیلەکەی.

کوێخا گوروونیش لە ماڵی ئاشنایەکی خۆی شاردبووەوە و تەگبیری لەگەڵ هاوبەشەکانیدا دەکرد کە چی بکەن، ئەوانیش

باسی والییان بۆ دەگێڕایەوە کە چۆن ڕێز و حورمەتی لە شاخەوان گرتووە لەجیاتی شەق و تێهەڵدان و زیندانیکردن، لە داخاندا نوقمی گۆمی خەفەت و داخ بوو، بە پەلە هاتبوون تا ئەو باس و خواسە بگەیەننە گوروون.

شەوێ والی فەرمانی دا تیپی گۆرانیبێژ و مۆسیقا و سەما ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوون کە بۆ شاخەوان ساز کرا، تا درەنگانی شەو سەما و مۆسیقا و زەماوەند و گۆرانی و بەزم بوو، نان و سفرەی چاکیان ڕیز کرد بۆ شاخەوان و ئاوەڵەکانی لە کۆتاییدا کە خەریک بوو ئیتر شەو درەنگ دەبوو، والی شاخەوانی بانگ کرد و مەدالیایەکی زۆر بەبەهای بە سینگەوە کرد.

لەناو ئەو خەڵکە زۆرەدا کە سەدان کەس دەبوون، دەستی شاخەوانی گرت و بەرزی کردەوە و ڕووی کردە خەڵکەکە و گوتی: "چاوتان لەم پیاوە کوردە ئازا و بەغیرەت و ڕەوشت و خوو و جوانەیە، زۆر یارمەتی هەژاران

دەدات و دێهات و ماڵی بۆ خەڵکی گوندنشین و هەژار ئـاوەدان کردووەتەوە و زۆر یـارمەتی لێقەوماوان دەدات و بەردەوامە لەسـەر کاری خێر. هەق وایە هەمـوو بەرپرسـێـک بەپێـی توانای خۆی چاو لە چاکەکانی ئەم پیاوە بکات، نەک هەر خەریکی پڕکردنی گیرفانی خۆی بێت، بە هەزار جۆر نـاپـاکی و دەسـتبڕی و دزی و بەرتیلخواردن و زەوتکردنی مـاڵ و موڵکی هەژاران خۆیان دەوڵەمەند بکەن و هەر خەمی خـۆیـان بـێـت و گـوێ نەدەنە خەڵـک و لێقەومـاوان"، والی جـارێکی تر دەسـتی دا بە پشتی شاخەواندا و گوتی: "جارێکی تریش هەر بـژیـت، ئەم پـیـاوە کـوردە چـاکە و هـیـوادارم نموونەی زۆر بێت".




## بەشی (١٠)

والـی خـۆی پـیـاوێـکـی بـاش بـوو، بەڵام دەوروبەر و هەندێک لە وەزیرەکانی پیاوی خۆپەرســـت و لە چەشـــنی کوێخا گوروون بـوون، والــی زۆر جـار تـوورە دەبـوو و هەندێکیانی لەسەرکارەکانیان دەردەکرد و خەڵکی تری دەهێنـا، بەڵام زۆر لەوانیش

وەکو ئەوانەی پێشوویان دەبوونە هاوبەش و ئاشنای گوروون و پیاوی وەک ئەو پاشان زۆر خراپ دەردەچوون.

جا لەبەر ئەوەی والی لە نیازی ئەو کەسانە شارەزا بوو، کە ئەوان ئامادەن هەموو خراپەیەک بکەن بۆ قازانجی خۆیان، بۆیە هەندێک پاسەوانی لەگەڵ شاخەوان و هاوڕێکانی نارد و بە گەرمی بەڕێی کرد و خواحافیزیی لێ کردن.

کوێخا گوروون و پیاوخراپەکانیش کە خەریکی پلانگێڕانی خۆیان بوون و زانییان والی تاوەکو کوێ پاسەوان لەگەڵ شاخەوان دەنێرێت، ئیتر لەوێشەوە شاخەوان دەگەیشتە وڵاتی خۆی و ڕێگەوبانی ئەو ناوچەیە شارەزا بوو، چونکە ئیتر سنوور و شار و دێهاتی کوردستان دەستی پێ دەکرد لەم لاوە بەرەو کفری و

کەلار و خانەقین ،لەولاشەوە بەرەو دوزخورماتوو و کەرکووک دەڕۆیشتن، بۆیە کوێخا گوروون و چەتەکانیشی لە ناو ئەو شاخوداخ و ئەشکەوتانە کەوتنە چاوەڕێکردنی.

کاتێک شاخەوان گەیشتە ئەو شوێنەی کە پاسەوانەکانی والی خواحافیزییان لە خۆی و هاوڕێکانی کرد، هەر دوای ڕۆیشتنی ئەوان شاخەوان چووە پەنایەک و دەستی خستە گیرفانەکەیەوە و هەر زوو ئەنگوستیلەکەی کە لە شوێنێکی زۆر پتەو و قایم پارێزرابوو، گورج کەوتە پەنجەی شاخەوانەوە و ئەویش هەر لە ناو گیرفانەکەیدا ئەنگوستیلەکەی سوڕاندەوە و دێوەکەی هاوڕێی لە بەردەمیدا هەڵبەزی و هەردوو دەستی

خستە سەری سەری خۆی و گوتی: "قوربان ئەمر بفەرموو بەسەر سەر و هەردوو چاو".

شاخەوان چاک و چۆنیی لەگەڵ کرد و گوتی: "خۆ ئاگات لێیە ئەوانەی لەگەڵمان هاتبوون ئیتر بەجێیان هێشتین، ئیتر دەبێت خۆمان ئاگامان لە خۆمان بێت، کاریان ڕاست بێت ئەوە چوار شەو و چوار ڕۆژە لەگەڵماندا لە ڕێگەدان".

شاخەوان چاوی بڕییە دێوەکە و گوتی: "بێگومان ئێستا کوێخا گوروون و چەتەکانی لەم دەوروپشتە خۆیان مات داوە بۆمان، دەبێت ئاگامان لە خۆمان بێت"، دێوەکە سەری بۆ دانەواند و گوتی: "خەمت نەبێت خوا گەورەیە، ئێستا خۆم دەزانم چییان پێ دەکەم"، دێوەکە سەیرێکی شاخەوانی کرد و بە زەردەخەنەیەکی خۆش و دڵسۆزانەوە



گوتی: "هەرچییەکەم لە دەسـت بێت پێیان دەکەم، بەڵام کوشــتن نـا، چونکە بۆم نییە کەس بکوژم".

شـــاخەوان وەڵامی دایەوە گوتی: "نـا... نا... بۆ خاتری خوا ئەوساش پێم گوتیت حەز لە ناوی کوشتن ناکەم".

دێوە سـەری بۆ لەقاند و دەستە زلەکانی دا بە سـنگی خۆیدا و گوتی: "خەمت نەبێت، ئەگەر ئازان ئێستا دێنە بەردەممان".

دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو، هەروەها سـاردیشـی کردبوو. شـاخەوان و هاوڕێکانی خۆیـان پێچـایەوە و حەزیـان کرد هەنـدێـک دابنیشـن و سـەر و چایەک بخۆنەوە لەگەڵ پارووی تێشوویان کە هێشتا پێیان مابوو، کە ئەویش بـارەگـای والـی بـۆی ئـامـادە کردبوون، ئەگەرچی شـاخەوان پەکی لەسـەر ئەو جـۆرە خـواردن و چـایـیـخـواردنەوەیە

نەدەکەوت و دێوەکە بە یەک دەســتدان لە یەک هەزار جۆر خواردن و خواردنەوەی بۆ ڕیز دەکرد، بەڵام شـــاخەوان حەزی نەدەکرد لە بەرچاوی ئەو هاوڕێ و کەسـانەی ئەو جۆرە داوایە بکات، لە دێوەکەی هاوڕێی.

لە نـان و چـاییخواردنەوە تەواو بوون و ئاگری چایەکەیان کوژاندەوە و هەســتانە ســەرپێ. کەوتنە ڕێ بەبێ وەســتان، شــەو کەمێک درەنگ بووبوو، مـانگ هەڵهاتبوو، ئەو دەشتودەر و شاخ و گردەی بە تیشکی زیوی جوان و دڵڕفێنی داپۆشیبوو، ئارامی و هێمنی بەو ناوەدا پەخش بووبوو.

شاخەوان و هاوڕێکانی بەدەم ڕۆشتنەوە کەوتبوونە قسـە و باس و سـتایشـی والی و ســەرزەنشــت و قســە پێگوتنی کوێخا گوروون، بە جەربەزە ئاشــناکانی هەندێک پێدەکەنین و هەنـدێک بـاســی ســەمـا و

زەماوەند و ئاهەنگەکەی بارەگای والییان دەکرد. ئیتر خەریک بوو وردە وردە دنیا ڕووناک دەبووەوە و ڕۆژ هەڵدەهات.




## بەشی (١١)

ئەو شـــەوەشـــیان بردە ســـەر. پاشـــان پشـــوویەکیـان دا و نـانیـان خوارد و ئـالیکی وڵاخەکانیان دا، چونکە وڵاخەکانیشـیان دەبوو وەکو ئەوان پشــوو بدەن. دوای ئەوە کەوتنە ڕێ، دیســـان بوو بە ئێوارەش و نزیک شـــارە شـــیرین و جـوانەکەی کەرکـووکـی بـووکـی کوردســتان بوونەوە. لەپڕ کۆمەڵێک زەلام بە

دەمامکی داپۆشراوی ڕەشەوە بۆیان دەرپەڕین و لە شوێنێک کە چاڵوچۆڵی زۆریان لێ کردبوو، تاوەکو کە تاریک داهات بکەونە ناو ئەو چاڵانەوە.

شاخەوان و هاوڕێکانی لە دەرەوە چاویان لێ بوو، یەکێک لە هاوڕێکانی کە زۆر ئازا و چاونەترس بوو، قیڕاندی و گوتی: "زەلام ئێوە کێن؟ نەیەنە پێشەوە لێمان نەخەڵەتابن ها".

کۆمەڵە چەتە ڕەشپۆشەکانی کوێخا گوروون بوون، هەریەکەیان لە لایەکەوە هاواری لێ کردن و گوتیان: "بە زووترین کات شاخەوان ئەنگوستیلەکەی دابنێت و بیدات بە ئێمە، ئەگینا دەستبەجێ هەمووتان کوژراون".

شاخەوان قیڕاندی و گوتی: "کوێخا ناپیاو وەرە پێشەوە، ئەوە بۆ ئەو دەمامکە ڕەشەت داوە بە ڕووتدا و خۆت شاردووەتەوە، بۆچی نازانم ئەمە هەمووی کەتنی تۆیە، هەموو

پیلانە پیسـەکانی تۆیە و خەریکی لە داخدا کوێر بیت، نامەردی دڵڕەش".

ئەوان لەم قسـانە بـوون گـوروون و چەتەکانی میلی تفەنگیان ڕاکێشـا و بە پەلە بەرەو پێشـەوە هاتن، شـاخەوان دەسـتی خستە گیرفانیەوە و ئەنگوستیلەکە بە گورجی چووە پەنجەیەوە و ئەنگوسـتیلەکەی سـوڕانـدەوە و بە پەلە دێوەکە هەڵبەزی لە بەردەمیدا و گوتی: "ئەمر بکە قوربان".

شـاخەوان گوتی: ئەوا هاتن بۆمان، چەکیان پێیە، دەمەوێت ڕایانبوەسـتێنیت و دووریان بخەیتەوە لێمان"، دێوەکە سەری دانەواندەوە بۆی و گوتی: "بەسـەر هەردوو چاو، دێوەکە هەردوو دەسـتی دا بە یەکدا و شـاخەوان و هاوڕێکانی هەر ئەوەندەیان زانی یەک ڕووبار ئـاوی قـووڵ کەوتە بەیـنـی ئەوان و چەتە ڕەشپۆشەکانی کوێخا گوروونەوە، بوو بە ئاو و لافاوێکی بەگوڕ.

چەتەکان زیرەیان کرد و کەوتنە هاوار و ڕاکردن بۆ دواوە، هەندێکیان لەبەر حەپەسان و ترسی ئەو لافاوە کتوپڕە کەوتن بە دەمدا و قاچەکانیان لە یەک ئاڵان و لە پشێوی و شپرزەیدا، بەتایبەتی کە ئەو پۆشاکە ڕەشانەیان پێوە بوو دەم و چاویانی داپۆشیبوو، لەبەر ئەوە کە دەکەوتن بە دەمدا، تفەنگ و خەنجەر و ئەو شتە ترسناکە کوشندانەیان لە دەست دەپەڕی و هەر یەکسەر بۆ ناو ڕووبار و تەوژمی لافاوەکە.

هەرچۆنێک بوو تا پێیان کرا پۆشاکە ڕەشەکانیان بە پەلە لە سەر و لەشیانەوە دادەماڵی و بە ڕاکردن بۆ دواوە دەگەڕانەوە، ئیتر وردە وردە لە بەرچاو گوم بوون و دیار نەمان.



شاخەوان و هاوڕێکانی دڵخۆش بوون، لەبەر ئەوەی هاوڕێ و کەسەکانی لەگەڵ شاخەوان نەیاندەزانی ئەمە چۆن وا لەپڕ ئەو جۆگە ئاوە دروست بوو و کەوتە بەینیان، حەپەسا بوون و شڵەژا بوون! هەر سەیری ئاسمانیان دەکرد و سوپاسی خوایان دەکرد و زانییان کە ئەمە شاخەوان بەهرەیەکی زۆر گەورەی پێ بەخشراوە و ئەمە دیارە خوا زۆر لێی ڕازییە.

هاوڕێ و دۆستانی شاخەوان هەرچەندە ئەوساش هەر خۆشیان دەویست و دڵسۆزی بوون، بەڵام ئێستا زۆر بە چاوێکی بەرز سەیریان دەکرد و ڕێزیان لێ دەنا، بێ ئەوەی بوێرن پرسی ئەم ڕووداوە بێوێنەیەی ئەم ڕووبار و لافاوەی لێ بپرسن، یاخود لە یەکتری بپرسن و لایان وا بوو کە شاخەوان لای خوای گەورە گەیشتووەتە پلەی زۆر بەرز، کە دەگاتە پلەی پیاوچاکانی خوا، چونکە هەر بۆ ئەو جۆرە خۆشەویستانەی خوا شتی وا ڕوو دەدات.




## بەشی (١٢)

دوای دوو ڕۆژی تر گەیشتنە دێیەکەیان، خەڵکی دێیەکە لەم دوورکەوتنەوەیەی شاخەوان و هاوڕێکانی، ئەم هەموو ڕۆژە بێخەبەر و بێوەڵام زۆر ترسابوون و دڵیان هەزار ختوورەی کردبوو و ماتەمینی دایگرتبوون، دەیانگوت: "دەترسین ئەو فێڵبازانە زەفەریان پێ بردبن و لەناویان بردبن".

بەتـايبەتی ســەرگوڵ ژنە ئـازا و جوانەکەی شــاخەوان ســەرەڕای حاڵ و دڵتەنگیی خۆی، دڵخۆشیی خەڵک و منداڵەکانی خۆی دەدایەوە و پێی دەگوتن: نە بابە ترسی چی! شاخەوان و هـاوڕێکـانـی خـوایـان لەگەڵە و ئـێســتـا بە ســەلامەتی دێنەوە... ئاخر ڕێگەکە دووریشــە، ئەمســەر پـێـنـج،شــەش ڕۆژ و ئەوســەر پێنج،شــەش ڕۆژ هەر وا دەبێـت، ئەوانـیش مـانـدوو دەبن و وڵاخەکـانیـان کە بـار و ئەرکی هەرە زۆر لەســەر ئەوانە، ئەوانیش گـوناحن و بێزمـانن دەبێت گـویَ بـدەنە ئەوانیش، وەکو ئەوان پشوو بدەن و ئالیکیان پێ بدەن.

ئەوسا و لەو کاتە ڕابردووە دوورانەدا، وەکو ئێســتـا تەلەفۆن و بروســکە و ئەو شــتـانە نەبـوو، هەروەهـا ئـۆتـۆمـبـێـلـیش هـێشــتـا نەگەشــتبووە ناوچەکانی ئەوان، بۆیە خەڵکی دێیەکە زۆر لێی بێخەبەر بوون و نەیـانـدەزانی چییـان بەســەر هـاتووە! لەبەر ئەوە کـاتێـک

شــــاخەوان و هــاوڕێــکــانــی گەڕانەوە بــۆ دێیەکەیـان، هەموو خەڵـک بوژانەوە و دڵیـان خۆش بوو، بە چەپڵەلێـدان و ســەڵاواتلێـدان چوون بەپیرییانەوە.

کە گەیشتن دنیا نزیک ئێوارە بوو، ڕەشەبا و سـەرما دەسـتی پێ کردبوو. سـەرەتای زسـتان و کۆتایی پاییز بوو، هەموو گەڵای درەختەکان خەریـکـی وەریـن بـوون، درەخـتەکـان لەتـاو ڕەشـەبا و سـەرما سـەریان پێکەوە نابوو و بە یەکترییـان دەگوت: "ئەهـا دیســـان ســەیری گڤەی ڕەشــەبا بکە چۆن خۆی با دەدا و خۆی هەڵدەکێشـێت بە سـەرماندا، خۆ گەڵای پێوە نەهێشـــتـیـن! دەزانـێـت بـێـدەســەڵاتـیـن و دەرەقەتی نایەین و دەبێت هەر ســەرمانی بۆ کز بکەین".

درەختەکانی تریش لەولاوە دەهاتنە قســە لەگەڵ درەخـتە دراوســـێ و نـزیـکەکـانـی، دەیانگوت: "ئێمەش جـــارێ خـــۆمان بێدەنگ



دەکەین با ئەم ڕەشــەبا و ســەرمایە بۆمـان ڕابوەسـتێت، بزانن کە بەهار هات و سـەرما و ڕەشــەبا کز بوو، بـا بزانن ئێمە چی دەکەین و چـۆن چـرۆ و گەڵا جـوانەکـانـمـان هەمـووی دەردەچـێـت و گــوڵ دەکەن و دیـمەن جـوان دەکەیـن، دوایـیش ئەو هەمـوو مـیـوە جـوانە دەدەیـن بە خەڵـک و خەڵـکیش زۆر ئـێـمەیـان خۆش دەوێـت. زسـتـان و هـاوین و هەموو وەرزێـک خـاوەنەکـانـمـان ئـاگـایـان لێمـانە و هێندەی منداڵەکانیان ئێمەیان خۆش دەوێت، دەبا ڕەشــەبا و ســەرماش بۆمان ڕابوەسـتن تاوەکو بەهار.

کوێخا گوروون پێش گەیشـتنی شــاخەوان خۆی بە دزییەوە گەیـانـدبووە دێیەکە و قـاوی بڵاو کردبووەوە کە کوێخـا گـوروون چەنـد ڕۆژە نەخـۆشــە و هەر لە مـاڵەوە بـووە، تـاوەکـو شــاخەوان و هـاوڕێـکـانـی وا بزانـن ئەمە ئەو نەبووە کە وای کردووە و ئەمان بوختـانیان پێ

کردووە، ئەوەتا لە جێگەدا کەوتووە و نەخۆشە، تەنانەت نەچووەتە دەریشەوە.

شاخەوان دیسان دڵە پاکە چاکەکەی کەوتە مەراقەوە، کە ئایا ئەمە ڕاست بێت گوروون نەخۆشە و لە جێگەدا کەوتووە؟

ئەی ئەو خەڵکانە چی بوون کە بۆیان هاتن و ڕێگەیان پێ گرتن و خەریک بوو بیانکوژن؟ ئەی ئەگەر گوروونیان لەگەڵدا نەبوایە و پیاوی ئەو نەبوونایە لە کوێ باسی ئەنگوستیلەکەم دەزانن؟"

ئەی چۆن وەزیرەکانی ئاشنای کە چووبوون بۆ لای والی پێیان نەگوتم ئەنگوستیلەکەت جوانە و دەمانەوێت پێمان بدەیت تاوەکو لای زەڕەنگەر وەکو ئەو دروستی بکەینەوە؟

وەڵڵا ڕاستە ڕەنگە گوروون ئاگای لە هیچ نەبێت و ئەو ڕەنگە ئاشنای بێت.

دیسان شاخەوان کەوتە گێژاو و دوودڵییەوە، هەرچەندە سەرگوڵی ژنی پێی

گوت: ئەمەندە دڵپاک و خۆشـــباوەڕ نەبێت، گـــوروون نەیـاری هەرە گەورەیـانە و ئەمە هەمووی پیلانی ئەوە، لە هەر کونێک و لە هەر شوێنێک تووشی زیانێک ببن هەمووی پیلانی ئەوە و ئەو هەموو خراپەیەک دادەمزرێنێت و خۆی لێ دوور دەخـاتەوە، کە دەتبینێـت خۆی دەکات بە پیاوچاک و سـەلامت لێ دەکات و دەیەوێـت خۆیـت لـێ نزیـک بکـاتەوە! کەچی لەڕاســتیدا دڵپیس و داخلەدڵی وەک ئەو نییە. ئەم قســەو باســانەی نەخۆشـــی و ناوجێگە هەمووی فێڵ و ساختەیە.

شـاخەوان سـەری بۆ ژنە جوانەکەی لەقاند و گـوتی: "وەڵڵا بڵێم چی، قســەی تۆیە، بەڵام دەشـــترســـم نەوەکو بوختـانی بۆ بکەین و ڕاست بێت کە چەند ڕۆژە نەخۆشە".

کوێخـا گوروون هەر بەڕاســتی لە خەفەتـدا نەخۆش کەوتبوو کاتێک کە چاوی بەو ڕووبارە کتوپڕە و بەو لافاوە کەوتبوو، ئەویش لە ناو

ڕووداوەکەدا بـوو، بـۆیە سـەروڕیشـی درێـژ کـردبـووەوە، قەدەغەی کـردبـوو کەس نەیەت بۆ لای و کەس سـەری نەدات، کەس قسـەی لەگەڵـدا نەکـات تـاوەکو ژنەکـانیشـی نەیـان دەوێرا بچن بۆ لای تـا ئەو بـانگیـان دەکـات. گوروون حاڵی خۆی شـڕ کرد و لە دێیەکەدا بڵاو بووەوە کە ئێستا حەکیمی بۆ هاتووە لە شارە گەورەکانەوە و نەخۆشییەکەی قورسە.

شـاخەوان بە قسـەی ژنەکەی کرد و نەچوو، هەروەهـا خەڵکی دێیەکەش زۆر کەسـیـان بە شـاخەوانیان گوت کە گوروون چەند ڕۆژ بوو لـێـرە نەبـوو، وا لەپـڕ گەڕاوەتەوە و خـۆی نەخۆش خسـتووە، درۆ دەکـات، ئەوە لە داخی تۆ وای لێ هاتووە، نەچیت بۆ لای بە قسـە و درۆکانی هەڵنەخەڵەتێیت.




## بەشی (١٣)

شاخەوان کەوتەوە سەر ئیشوکاری خۆی و دێهاتییەکانی خۆشەویستی. هەر زوو ئەنگوستیلەی دەسوڕاندەوە لە دەستیدا و دێوەی بانگ دەکرد، دێوەکەش چەپڵەکەی لێ دەدا و هەر دەستبەجێ داخوازییەکانی بۆ جێبەجێ دەکرد.

زسـتان گەيشـتبووە سـەريان، دنيا سـاردی كردبوو، دێهـاتەكـان دڵيـان خۆش بوو و هەر خەريكی نوێژو دوعا بوون و سـوپاسـی خوايان دەكرد كە تەمەنی شـاخەوان درێژ بكات، چونكە ئەم زسـتانە زۆر حاڵيان باشـە و دڵيان خۆشـە و لە هيچيان كەم نييە.

خـانووەكـانيـان گەرم و گوڕن و هەمووی ئـاوەدان كـراونەتەوە. خـواردن و زەخـيـرەی چاكيان هەيە، جلی گەرم و باشيان لەبەر خۆيان و منداڵياندايە و ڕێگە و كۆڵانيان هەمووی بۆ پاك و تەخت كراوە، هەمووشــيان بوون بە خاوەن مەڕ و بزن و مانگا و وڵاخ و ئەســپ كە جاران دەمردن لە ســەرمـادا، لەنـاو خـانووە ڕووخاوەكانياندا و بێ جلی ئەسـتوور و باش و بێ خواردنی باش، ئێســتـا لە ســايەی خوا و شـاخەوان و دێوەكەوە هەر ماسـت و شـير و هێلكە و هەمەجۆر شــتی خۆش دەخۆن، نەخۆشــخانەيان هەيە بۆ نەخۆشــەكانيان و

خوێندنگەیان هەیە بۆ منداڵەکانیان، ئیتر لە خوا بەزیاد بێت.

شـاخەوان ناوبانگی بڵاو بووەوە، لەودیو سنوورەکانیش خەڵکی ناوبانگیان دەبیست. ئیتر هەر پیاوی ناسراو بوو سنوورەکانیان دەبڕی و دەهاتنە لای بۆ سڵاو لێکردنی تا بیناسن و بیبینن. زۆرتریش حەزیان دەکرد ئەو کەسە ببینن کە دەڵێن جادووی هەیە و جنۆکەی وای هەیە بە چەپڵەیەک ئەگەر بیەوێت کۆشکی لە ئاڵتوون بۆ دروست دەکات.

شاخەوانیش دەچوو بەپیر ئەو میوانانەیەوە و ڕێزی دەگرتن. خەڵکی دەوروبەریشی خزمەتی چاکی میوانەکانیان دەکرد و نان و خواردنی خۆشیان بۆ دەخستنە بەردەم و دەستیان، زۆر جار شاخەوان دیارییشی دەدا بە میوانەکانی و پاشان بە ڕێزەوە بە ڕێی دەکردن.

هەندێک پیاوماقوڵی ئەودیو سنوور شاخەوانیان بانگێشت کرد و چەند جارێک

ناردیان بە شـوێنیدا، شـاخەوانیش بەڵێنی پێدان و گوتی: "باشە دێم". پێی خۆش بوو کە وا لە هەموو لایەکەوە ڕێزی دەگرن و خۆشیان دەوێت.

شاخەوان دیسان دێوەکەی بانگ کردەوە و بۆی باس کرد، دێوەکە پێی خۆش بوو، گوتی: "بڕۆ خوات لەگەڵ بێت، دیارە منیش هەر بە دواتەوە دەبم و لە پشـت سـەرتەوە دەڕۆم وەکو هەموو جارێک، بەڵام دیسـان ئاگات لە ئەنگوسـتیلەکەت بێت کەوتە دەسـتی هەرکەسێک، ئیتر من بەندە و خزمەتکاری ئەو دەبم، بۆ خاتری خوا زۆر ئاگات لە خۆت و ئەنگوسـتیلە ڕاسـتەقینەکەت بێت، ئەنگوستیلە درۆینەکەت بکەرە پەنجەت.

کوێخا گوروون بەم بانگێشتکردن و چوونی شاخەوانە ئاگادار بوو، چونکە قاو بڵاو بووەوە کە پیاوماقوڵان و ئەوانەی دێن بۆ لای، بانگێشتیان کردووە و هەفتەیەکی تر دەڕوات بۆ ئەو شار و شوێنانە. کوێخا گوروون بە پەلە

کەوتە تەگبیرکردن لەگەڵ ئاشنا و چەتە ڕەشپۆشەکانیدا، گوتی: "ئەم جارە یان ئەنگوستیلەکەی لە دەست دەردەهێنم، یان دەبێت سەری خۆم لەسەر ئەو ئەنگوستیلەیە دابنێم".

گوروون خەڵکی بڵاو کردەوە بەناو دێیەکەدا، لەو دەوروپشتە ئاشناکانی کەوتنە پرس و پرسیاری بێدەنگ لەم خەڵکە ساویلەکەیە، خەڵکی دڵپاکیش هەبوون بە ئاسانی هەموو شتێکیان بۆ ئەو زۆرزان و خراپەکارانە دەگێڕایەوە کە شاخەوان فڵان ڕۆژ دەڕوات و ئەوەندە کەس دەبات لەگەڵ خۆیدا و بۆ فڵان شوێن بانگێشت کراوە، ئەوانیش هەموو دەنگوباسەکەیان زانی و ڕۆژێک پێش سەفەری شاخەوان چوون لە ڕێگەدا خۆیان قایم کرد، بەڵام ئەم جارە نەیانویست وەکو جاری پێشوو بێنە دەرەوە و خۆیانیان پیشان بدەن.

گورووون و چەتەکانی گوللە و تیروکەوان و خەنجەر و چەقۆیان لەگەڵ خۆیان برد و وایان دانا کە شـــاخەوان و هـاوڕێکـانی تێپەڕین و پشـتیان تێکردن، ئەوان گولە و تیروکەوانیان پێوە بنێن، هەروەها دیسـان لە ڕێگەدا چاڵیان زۆر هەڵکەنـدبوو، بە چیلکە و گەڵای وەریوی درەختەکان سـەرەڕێگەکانیان داپۆشـیبوو، تا کاتێک بەوێدا تێپەڕێن، بکەونە ناو چاڵەکانەوە هەر وەک شێوەی جاری پێشوو.

کوێخـا گورووون هەرچی زیرەکیی و فێـڵ و پیلانی هەبوو ئـامـادەی کردبوو، وای دانـابوو کە وا بە پەلە شاخەوان بداتە بەر تیر و گوللە تا فریای هیچ جنۆکەیەک نەکەوێت، بە بۆچوونی خۆی کە بانگیان دەکات. لای ئەو شـــاخەوان جـادووگەر بـوو، جـنـۆکەی هەبـوو کە ئەو کارانەیان بۆ دەکرد.

شـاخەوان لەگەڵ هاوەڵەکانی کەوتە ڕێ و لە بەیانی زووەوە لە گوند دەرچوون. کـاتێک ئـێـوارە داهـات مـانـدوو بـوون و هەنـدێـک

پەلەیان لە خۆیان کرد بۆ ئەوەی تا شەو دانەهاتووە خۆیان بگەیەننە شوێنێک تاوەکو پشوو بدەن و نان بخۆن، کەمێکیش سەرخەو بشکێنن. ئیتر کە بە پەلە دەڕۆیشتن بە سواری وڵاخەکانیانەوە گەیشتنە ئەو شوێنەی کوێخا گوروون و چەتەکانی و خۆیان لەوێ قایم کردبوو.

شاخەوان و ئەوان هەر لەوێ تێپەڕین گوروون و چەتەکانی بە ئەسپایی بۆیان دەرپەڕین، دەستیان کرد بە تیر و گوللەتێگرتنیان و دوو-سێ گوللە و تیر یەکسەر بەر پشت و قۆڵی شاخەوان کەوت و شاخەوان لەسەر وڵاخەکەی بەر بووەوە خوارەوە، ئەوانەی لەگەڵیشیدا بوون زۆریان پێکران و لەسەر ئەسپەکانیان کەوتنە خوارەوە .



شاخەوان هەرچەندی کرد دەست بکات بە گیرفانیدا تاوەکو ئەنگوستیلە ڕاستەقینەکەی بچێتە پەنجەی تاوەکو دێوەکە بگات بەفریایان، بەڵام چەند هەوڵی دا نەیتوانی و دەست و قۆڵەکەی پەکیان کەوتبوو، چونکە زۆری گوللە و تیر بەرکەوتبوو، ئەو لەو هەوڵەدا بوو و خەریک بوو بەشکم بە دەستەکەی تر بتوانێت کە ئەویش هەر ئازاری گەیشتبوو، بەڵام باشتر بوو لە قۆڵ و دەستی ڕاستی، ئەوانەی لەگەڵیشیدا بوون هەر یەکە و پەڕیبوونە شوێنێک.

گوروون ئەوەنەی چەتە و گوللە و تیروکەوانی پێ بوو، هەروەکو باران گوللە و تیر دەباری، لەبەر ئەوەی شاخەوان و ئەو خەڵکەی لەگەڵیدا بوون دەسەڵاتی هیچیان نەمابوو، بۆیە هەر ئەوەندەیان زانی چەتە ڕەشپۆشەکان گەیشتنە سەریان.

پێش هەموو شتێک گوروون (کە ئەویش دەمامکی پۆشیبوو) ڕای کرد بۆ لای شاخەوان

و پەلاماری دەستی دا و ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی دەرهێنا، دەست و پەنجەی شاخەوان هەر هەمووی خوێن بوو، بەڵام گوروون لە خۆشیی ئەنگوستیلەکە هیچی بیر نەما.

ئەنگوستیلەکەی قایم گرت بە دەستیەوە و بە تیلەی چاو تەماشای چەتەکانی کرد تا ڕا بکەن و بڕۆن، ئیتر هیچی ترمان ناوێت با ئەمان هەر لێرە بن بە برینداری، ئێستا گورگ و ورچ دەگەنە سەریان و هەموویان دەخۆن، بەتایبەتی کە هەندێک لە ئەسپەکانیان بریندار بوون و هەندێکی تریان لە ترساندا ڕایان کردبوو ڕووەو هەردەکان.

گوروونیش ئەنگوستیلەکەی برد و لەگەڵ چەتەکانیدا بە پەلە دەرباز بوون و لەو ناوچەیە نەمان. گوروون ئەنگوستیلەکەی توند لە ناو دەستیدا هەڵگرتبوو، زوو زووش بەو خوێنەوە ماچی دەکرد و دەیگوت: "ئیتر دنیا بوو بە هیی من، هەی ئەنگوستیلە گیان، ئەمە تۆیت؟"




## بەشی (١٤)

شـــاخەوانـیـش کەوتـبـوو، هەوڵـی دەدا هەرچۆنێک بێت بتوانێت دەســت بکات بە گیرفانیدا، هاوڕێکانیشــی هاوار و ناڵەناڵیان پێکەوتبوو، ئاخری بە ئازارێکی زۆر شــاخەوان توانیی دەســت بکات بە گیرفـانیـدا، دنیـاش بەرە بەرە تاریک دەبوو، هەندێک لە هاوڕێکانی

گولله بەر سـنگیـان کەوتبوو، بە سـەختی برینداربووبوون و لە هۆش خۆیان چووبوون.

شاخەوان بەو خوێن و ئازارەوە، بەو هەموو هەوڵەوە توانی دەسـتێکی بخاتە گیرفانیەوە، ئەنگوسـتیلە ڕاسـتەقینەکەی چووە نـاو پەنـجەیەوە، بە ئـازارێـکـی زۆر تـوانـی ئەنگوسـتیلەکەی بسـوڕێنێتەوە لە پەنجەیدا، هەر ئەوەنـدەی زانـی دێـوەکەی ئـاشـنـای هەڵبەزییەوە لە بەردەمی دا و گـوتـی: "ئەمر بکە قوربان..."، هەرچەندە شاخەوان دەیویست خۆی بەهێز پیشانی دێوەکە بدات، بەڵام ئازاری زۆر هەبوو، بۆیە بە دێوەکەی گـوت: "چـاوت لێیە گوروون و چەتەکانی چییان لێ کردین؟"

دێوەکە خەریک بوو شـێت بێت لە داخانـدا گوتی: "ئەی قوڕ بە سـەریان، بزانە چییان پێ دەکەم ئێسـتـا"، شـاخەوان گوتی: "تۆ جارێ چارەیەکی ئێمە بکە، حـاڵمـان زۆر پەرێشـانە، هەروەکـو تـۆفـان گـولـلە بـارانـیـان کـردیـن"، دێـوەکە لـێـوی خـۆی گەسـت لە داخـانـدا و

هەردوو دەســتە پـانە زلەکەی دا بە یەکـدا و قیڕاندی و گوتی: "ئادەی زوو بکەن خێرا.

شـاخەوان هەسـتی کرد دەسـتێک هات بە برینەکـانیـدا، هەرچەنـدە کەس نەیبینی، بەڵام هەســتی کرد، هەروەها هاوڕێکانیشــی هەر وەکو ئەویان بۆ کرا، شـــاخەوان هەســتی بە ئارامی و خۆشییەکی زۆر کرد و هەستایە سەر پێ و ئەو مەرهەمانەی بە زامەکانیدا هێنران، بـرینەکـانـیـانـی ســـاڕێژ کـردن، کە ســـەیری دەوروبەری خۆی کرد هاوڕێکانیشـــی وەك ئەو چاك بووبوونەوە و هەموو هەستانە سەر پێ، یەک برین نەما بە لەشی کەسیانەوە.

دێوەکە بە چرپە بە شـــاخەوانـی گـوت: "بـێ ئەوەی بە خـۆتـان بـزانـن قەڵـغـانـم لە بەری هەمـووتـان کـردبـوو، لەبەر ئەوە زامەکـانـتـان ڕووکەش بوو".

شـاخەوان بیری چووبوو باسـی وڵاخەکان بە دێوەکە بڵێت، بۆیە ئەم جارە گوتی: "ئەی خـــۆ



وڵاخەکانیشـــمان بریندار بوون و زۆریشـــیان ڕایان کردووە لە ترساندا".

دێوەکە ســـەری بۆ شـــاخەوان دانەوانـد و گوتی: "ئەمر دەکەیت بەســـەر هەردوو چـاو"، دیسـان دەستەکانی دا بە یەکدا و دەستبەجێ وڵاخەکـان لە بەردەمـیـانـدا ئـامـادە بـوون، بریندارەکانیش چاک چاک بوونەوە و هەستانە ســـەر پێی خۆیان، بە گوڕ و قایم لە جارانیش بەهێزتر.

هـاوڕێ و دۆســـتەکـانـی شـــاخەوان لەو ڕووداوە سـەریان سـوڕمابوو، زمانیان بەسـترا و شـــڵەژان لەم حـاڵەی ئەوانی تـیـا بـوون و هەموو نیوەمردوو بە لەشـــی کونکونکراو و خـوێـنـاویـیەوە، کەچـی وا لەپڕ بەو دەســـتە نادیارەی هێنرا بە برینەکانیاندا چاک بوونەوە و لە جاران چاکتریان لێ هات.

هەموویان لەو کـارە حەپەســـا بوون! ئـاخۆ ئەمە چـۆن وا زوو چـاک بـوونەوە و ئەوەی شـــاخەوان کـردی چـی بـوو؟ ئەو ورتەورت و

قســـانەی بە ئەســپایی لەگەڵ کێ دەکرد؟ هـاوڕێکـانی هیچیـان بۆ نەمـایەوە لەوە زیـاتر بێن و خۆیان بخەنە سەر دەست و قاچی و بڵێن بە خوا تۆ خۆشەویستی خوایت، ئەگینا ئێمەی نیوەمردوو چۆن وا زوو چاک بووینەتەوە؟

شـاخەوان تووڕە بوو لێیان، گوتی دەســت مـاچکردنی نـاوێـت، من بە هیچ جۆرێـک ڕازی نـابم کەس دەســتم مـاچ بکـات و خۆی بخـاتە ســەر قاچ و خۆی دابنەوێنێت بۆ من. من هیچ نیم، منیش کەســێکی وەکو ئێوەم، دەبێـت هەمووممان ســەر بۆ خوای گەورە دابنەوێنین و هەر ئەو شـــایســـتەی ســـەردانەوانـدنە، هەروەها ئەمەی ئێوە دەیبینن بەهرەی خوایە و هەر ئەو دەتوانێت کاری وا بکات.

هەموو مرۆڤێکی باش و ڕاســت و بێفێڵ و درۆ خۆشـی دەوێت و قەت پشـتی بەر نادات و لەســـەری دەکـاتەوە، هەق لە زۆرداران دەســێنێـت، بۆیە هەمـوومـان دەبێـت هەر سوپاسی خوای گەورە بکەین.




## بەشی (١٥)

لەو لاشــەوە کوێخا گوروون بە پەلە خۆی گەیـانـدە شــوێـنـێـکـی دووری ســەر بە گـرووپەکەی خـۆیـان و بە پەلە لەوێ چووە ژوورێک و دەرگای لەســەر خۆی داخســت، بە خۆشـییەکی زۆرەوە ئەنگوسـتیلەکەی کردە پەنجەی و دەســت و ئەنگوسـتیلەکەی پاک

پاک شـــت، چونکە خوێنی شـــاخەوانی پێوە بوو.

ئینجـا هەنـاسـەیەکی ترس و خۆشـــیی هەڵکێشـا و دڵیشـی بە پەلە لێی دەدا، لەبەر خـۆیەوە گـوتـی: "ئـێســـتـا مـن چـی لەم ئەنـگـوســـتـیـلـەیە بـکەم تـاوەکـو وەک شاخەوانم بۆ بکات؟، دەترسم جنۆکەکان کە دۆستی شاخەوانن پەلامارم بدەن و بمکوژن.

گوروون زۆر دەترسـا نەیدەوێرا هیچ بکات و هیچ بڵێت، نەیدەزانی چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەنگوسـتیلەکەدا بکات، چەتەکانیش بوو بە چرپەچرپیان کە ئەم پیاوە بۆچی وا دڵی خۆش بووە. ئەنگوسـتیلەیەک ئەوە دەهێنێت ئەو هەموو پیاو و خەڵکەی لەسەر بکوژێت؟!

چەتەکـان بـاســی ئەنگوســتیلەکەیان بە تەواوی نەدەزانـی، چـونـکە کـوێـخـا گـوروون نەیدەویســـت کەســـی دەوروپشــتی لەوە

بگەیەنێت کە ئەگەر بیەوێت ئەنگوستیلەکە دەتوانێت بە چاوتروکاندنێک کۆشـکێک لە ئاڵتوون دروسـت بکات بۆ شـاخەوان، ئەو پێی دەگوتن ئەنگوسـتیلەکەی شـاخەوانم بۆیە دەوێت، چونکە ئەنگوسـتیلەیەکی کۆن و بەهـادارە، لە بـاپیرە گەورەکـانیەوە بۆی بەجێ ماوە، شتێکی دێرین و بەنرخە.

بەڵام چەتە و یاریدەدەرەکـانی کەوتبوونە گومـان و دوودڵییەوە کە گوروون ئەوەنـدە دەوڵەمەنـدە و پـارەی هەیە، پێویسـتی بە ئەنگوسـتیلەی گرانبەهـا نییە، لەبەر ئەوە ئەوانـیـش کەوتـبـوونە مەراقـی ئەو ئەنگوستیلەیەوە.

شـاخەوان و هاوڕێکانی کە چاک بوونەوە، ڕێی خۆیـان گـرتبوو. لەوێ خەڵکـانێکی زۆر هـاتـبـوون بەپـیـریـانەوە و بە ڕێـز و

خۆشـــەویســـتی و ڕێزێکی زۆرەوە هـاتن بۆ پێشوازییان.

کـوێـخـا گـوروونـیـش لای وا بـوو بـۆیە دەنـگـیـان نەمـا، چـونـکە هەمـوویـانـی بە بریـنداری و نیوەمردوویی بەجێ هێشـــتبوو، ئێســـتا بێگومان لە ناو ورگی گورگ و ورچ و دڕندەکاندان، بەتایبەتی کە دوای دوو ڕۆژیش هیچ کەس باسی نەکردن.

ئـاخـری دوای هەفـتەیەک-دە ڕۆژ خەڵـکـی هـاتـوچـۆکەری ئەو نـاوچـانە بە دێـیەکەی شـــاخەواندا تێپەڕین کە بۆ ئیشـــوکاری خۆیان دەچوون، دێیەکەی شـــاخەوانیش لە مـاوەی شـەش مانگدا خەریک بوو هێندەی شـارێکی لـێ دەهـات، وەک بـازاڕ و دوکـان و کـوتـاڵـی جـۆراوجـۆری زۆر جـوانـی تـێـدا بـوو، بـۆیە خەڵکەکەش کەوتنە هـاتووچۆ بۆ بـازرگـانی و شت کڕین.

گوروون که باسی شاخەوان و هاوەڵەکانی بیست که زیندوون و چاک بوونەتەوە، وا له شایی و زەماوەندان و خەڵک له دێهات و شارانەوە هاتوون بەپیریانەوە و ناکەونه سەر زەوی له خۆشەویستیدا. بەوە نیوەشێت بوو، سەری سوڕما و به چەپۆک بەر بووە سەروگوێلاکی خۆی، گوتی: "خۆم به چاوی خۆم بینیم له ناو گۆمی خوێندا دەگەوزیی، خۆی و کۆمەڵەکەی وڵاخ به سەریاندا بازی دەدا و ڕایان دەکرد، ئەمه چۆن وا زیندوو بوونەوە و چۆن کەوتنەوە ڕێ، ئەمه چ نهێنییەکی هەیه ئەم پیاوە؟"

گوروون پێی له ترس و دڵی خۆی نا و دەستی دایه ئەنگوستیلەکەی و کردیه پەنجەی، دوو-سێ جار بەملا و بەولادا سوڕاندیەوە و دەریهێنا و له پەنجەی و

کـردیەوە پەنـجەی... بەڵام هـیـچ نەبـوو، نە دەنـگ و نە بـاس و نە کەس، چەنـدی کـرد بێسوود بوو.

گوروون وەک شێت هەستایە سەرپێ و سەیری ئەنگوستیلەکەی کرد و گوتی: "دەی جـنـۆکە دەی پـیـاوخـۆرەکـان دەی پـیـاوە بـاشــەکـان، دەی تو خوا بە قسـەم بکەن و وەڵامم بـدەنەوە و شــتێکم بۆ بکەن، ئـاخر بۆچی ئێوە بۆ شــاخەوان واتـان دەکرد؟ دە وەڵامـم بـدەنەوە؟" بەڵام هـیـچ سـوودی نەبوو، ئەنگوسـتیلەکە هەر بە کەڕ و لاڵی مایەوە و هەر پارچە ئاڵتوونێکی ساردوسڕ و بێگیان و بێدەنگ بوو و هیچی تر.

گـوروون وەک شــێـت و هـار لە ئەملای ژوورەکەوە ڕای دەکــرد بــۆ ئەولا، ئەنگوستێلەکەشی بە دەستەوە بوو، هەر دەیقیراند و دەیشـیڕاند، لە ئەنگوسـتیلەکە

دەپـاڕایەوە، بەڵام هـیـچ نەبـوو لە دەنـگ و شیرەی خۆی زیاتر گوێی لە هیچی تر نەدەبوو.

گـوروون ئەوەندەی قیڕاند و شـیڕاند، خۆی دا بە دیوار و دار و بەرددا، ئاخری لە هۆش خۆی چوو، دوای تۆزێـک چەتەکـانی هـاتن کـاتێـک سـەیر دەکەن گـوروون لەسـەر زەوییەکە پان بووەتەوە و بوراوەتەوە، ئەنگوستیلەکەش لە دەســتی پەڕیوە لەو لایەوە کەوتووە، بە پەلە هەڵیانگرت و هەندێک شــیلە و ئاویان دایە و ئەویش هـاتەوە ســەر خۆی و پێیـان گوت ئەوە بۆ وات لێ هـاتووە، ئێمە وامـان دەزانـی نـووســـتـوویـت، ئەوە بـۆ بـانـگـت نەکردین؟

گــوروون بە بــێــحــاڵــی و بە چــاوی نیوەنوقـاوەوە، بە دەنـگـێـکـی پچڕ پچڕەوە گوتی: "لە داخی ئەو شــاخەوانە جادووگەر و خاوەن جنۆکەیە، وام لێ هـات و زۆرم قیڕانـد،

خۆ چاوتان لێیان بوو، بە چاوی خۆتان بینیتان چیمان بەسەر هێنان، چیمان لێ کردن و چۆن لەناو خوێندا بە مردوویی بەجێمان هێشتن، ئێستا دەڵێن لە دێی سەرەوە لە شایی و زەماوەندان و چاک چاک بوونەتەوە و لە جاران لاوتر و گەنجتریان لێ هاتووە!

گوروون بە خەم و خەفەتێکی بێئەندازەوە گوتی: "دە پێم بڵێن ئاخر ئەمانە چۆن وا زیندوو بوونەوە؟"

یەکێک لە چەتەکانی بە ناڕەحەتییەوە دەستی خستە سەر ناچەوانی خۆی و سەری شۆڕ کرد و بە نائومێدییەوە گوتی: "کەواتە ئیتر بڵێن تەواو، بە خوا وا بڕوات دنیا دەخوات و پێش هەموو کارێک یەکە یەکە ئێمە لەناو دەبات و تۆڵەی خۆیمان لێ دەکاتەوە".



سـەرکردەی چەتەکـان، سـیخورمەیەکی قایمی لە کابرا دا و گوتی: "ئێسـتا کاتی ئەم قسە قۆڕانەیە؟" لەژێریشەوە بە ئاسپایی بە کابرای گوت: "هیچ نەبێت جارێ دەمت دابخە لەبەر کوێخـا بـا ئەوەنـدەی تر حـاڵی خراپتر نەبێت".

چەتەیەکی تر لەو لاوە دەسـتی دا لە سـنگی خـۆی و ڕووی کـردە گـوروون و چەتەکـان و ، گوتی: "ئەمە چ قسـەیەکە! قوڕ بەسـەر خۆی و جنۆکەکەی، بە خوا بە خوا سەری خۆمی لەسەر دادەنێم یان لەناوی دەبەم.

جارێکی تر چەتە خۆهەڵکێشـەکە بە فیزێکەوە گـوتـی: "ئەمە ڕۆژەکەیە پـێـتـان دەڵـێم ئەگەر تاوەکو مانگێکی تر هێشـتم کەسـێک مابێت نـاوی شـاخەوان بێـت، ئەمە مووی پیـاوەتی نەبێت (دەستی بە سمێڵدا هێنا).

چەتەکانی تر سەیری یەکترییان کرد و لە ژێرەوە پێکەنین، ئەگەرچی لەبەر بێحاڵیی گوروون نەیانوێرا بدەنە قاقای پێکەنین، چونکە چەتە قسەکەریان دەناسی کە چەند فیشاڵکەرە و چەند بێئەقڵ و کەریشە، چۆنیش لە تەنگانەدا دەیقوچێنێت.

هەر ئەوە بوو گوروون دەستی لێ بەر نەدەدا، چونکە ئێجگار دڵسۆز بوو، زۆر ئاگای لە دەستکەوتەکانی گوروون بوون و گیانی لەسەر پولێکی بوو، هەمیشە پارووی دەمی چەتەکانی تری دەژمارد و دەیگوت: "بۆچی ئەوەندە شت خەسار دەکەن؟ لەبەر ئەوە گوروون زۆری خۆش دەویست، چەتەکانیش بۆ خۆیان پێیان ڕادەبوارد و گاڵتەیان پێ دەکرد.

یەکێک لە جەماعەتی چەتەکان ڕووی کردە فیشاڵکەر و گوتی: "یا خوا لەشت ساغ بێت، ئەشهەدوبیلا هەموو شتێکت لە دەست دێت، دە بڵێ بزانم چی دەکەیت و چۆن شاخەوان و جادووگەرەکانی لەناو دەبەیت؟"

هاوڕێیەکی تریان لەو لاوە هەڵیدایە و گوتی: "ئەمە قسە بوو کردت؟ چۆن باسی لەناوبردنی شاخەوانت بۆ دەکات، بۆچی گاڵتەیە ئەوە هەر خۆی دەزانێت چی دەکات، ئێوە هەر ئارامتان هەبێت".

گوروون پاش ماوەیەک ژنەکانی لێ کۆمەڵ بوون و چەتە و ئاشناکانی دەوریان دا و دیسانەوە کەوتنە پیلان کە چی بکەن و چۆن بتوانن لە شاخەوان ڕزگاریان بێت.




# بەشی (١٦)

شـــاخەوان و ئەو برادەرانەی لەگەڵی بوون، بەر دەســـترێژ و گـولـلەبـاران کەوتبوون، چـاک بوونەوە و چووبوونە سـەر دەعوەت و شـایی و زەماوەند و دڵیان خۆش بووبوو، خەڵک دەوری دابوون و هەر گوێیان لە قسـەی پێداهەڵدان بوو، بۆیە لە دوای چەنـد ڕۆژێـک، گەڕانەوە بۆ

دێیەکەیان، ئەم جارەش خەڵکی دێیەکە چوون بەپیریانەوە.

هاوڕێکانی شاخەوان حەپەسا بوون و بیر و هۆش و هەستیان پەرش و بڵاو بووبوو، بە دانیشتن، بە نووستوویی، بە ڕۆیشتن و بە سەرپێوە... هەر بیریان لەو کارە سەرسوڕهێنەرەیان دەکردەوە کە چۆن بە نیوەمردوویی و لە ناو خوێندا گەوزاو و دەست و قاچ و پشت شکاو وا چاک بوونەوە و ئێستا لە جارانیش باشترن، ئەوانە ئیتر زۆر بڕوایان بە شاخەوان کردبوو، کە کەسێکی گەورەیە و کەسێکی زۆر خۆشەویستە لای خوا.

ئەو چەند کەسەی کە وایان بەسەر هاتبوو بەو جۆرەش چاک بووبوونەوە، جاری وا هەبوو یەکێک پرسیارێکی لێ دەکردن یان باسی ئیش و کار و ڕووداوێکیان لا دەکردن، ئەوان وەکو نیوەبێهۆش و بە زمانێکی هەندێک قورسەوە وەڵامیان دەدانەوە.

تەنانەت ژن و منداڵەکانیان لێیان کەوتبوونە گومانەوە کە ئەمانە بۆ دوای ئەو سەفەرە وایان بەسەر هاتووە بەتایبەتی کاتێک ئەو هاوڕێیانەی شاخەوان سەفەرەکەی پێشووشیان لە بیر مابوو، کە چووبوون بۆ لای والی و چۆن چەتەکان ڕێگەیان پێ گرتن، چۆن دەستبەجێ بوو بە ڕووبار و لافاو و هەموو چەتەکان بە تۆقاوی و سەروگوێلاکی شکاوەوە ڕایان کردە دواوە و دیار نەمان.

لەمانەش هەمووی زیاتر کە وا زمانی بەستبوون و لەشیانی هێنابووە لەرزین، ئەوە بوو کە نەیاندەوێرا باسی ئەو ڕووداوانە لای کەس بکەن و ئەو نهێنییانە ئاشکرا بکەن، ئەگەرچی خەڵک و دەورپشت ،هەموو کەس دەیانزانی کە شاخەوان هێزێکی بەتوانا و بێوێنەی لە پشتە.

بۆیە ئەو هـاوڕێ نزیکـانەی ئەم کردەوە و ڕووداوانە لە نـاو دەروون و مـێشـــکـیـانـدا دەخولانەوە، لەبەر ئەوە هەنـدێـک جـار دڵیـان خۆش دەبوو و ورەیان بەرز دەبووەوە، ژیانیان لا خـۆشــەویســـت و ڕوونـاکـتـر دەبـووەوە، هەندێک جاریش کاس و شپرزە دەبوون، بەڵام پارسەنگی خۆشییەکەیان هەمیشە زیاتر بوو.

شـــاخەوان تـاوەکـو دەهـات زیـاتـر نـاوی دەردەکرد و زیـاتر خۆشــەویســـت دەبوو لای هەژاران و لـێـقەومـاوان، چـونـکە لەســەری دەکردنەوە و دەچوو بە هانایانەوە و یارمەتی دەدان و دەیبوژاندنەوە، هەروەها لای خەڵک و میللەت و دەوروپشـت و سـەرسـنوورەکان و دەرەوەی وڵاتیش ناوی هاتبووە ناو ناوان و تا دەهات زیاتر خزمەتی خەڵکی دەکرد.

گـورووونیش هەر خەریکی پیلانگێڕی و کـاری ناجۆر و نائاسایی بوو بۆ لەناوبردنی شاخەوان، بەڵام ســوودی نەبوو، هەموو پیلانێکی بە

شکست کۆتایی دەهات، کەوتبووە بەر تف و نەفرەتی خەڵک، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە بەرچاوی خەڵک ڕەشتر دەبوو.

نە پارەی زۆر، نە سامانی بێئەندازە، نە دەسەڵات، نە لەشکر و چەتە و ڕێگری، نە ترس و هەڕەشەوگوڕەشەکانی توانییان بەرانبەر هەژار و لێقەوماو و بێدەسەڵات و ڕاستی و پاکی و هەستی ناو دەروونیان بووەستێت و سەریان پێ دابنەوێنێت.

بۆیە گوروون ناچار بوو لەتاو فشاری خەڵک و نارەزایی و نەفرەتی جەماوەر، پارە و دەستکەوت و زێڕ و زیو و ماڵ و منداڵی ببات و دێ چۆڵ بکات و ڕا بکات بۆ لای ئاشناکانی کە لە شار بوون، وەکو خۆی خراپ و دەستبڕ و دز و چەتە بوون، کە والییش ڕقی لێیان بوو و بە شاخەوانی گووتبوو ئەوسا چوو بوو بۆ لای: "ئاگات لە خۆت بێت لەم کۆمەڵە پیاوخراپانە" و ئەوە بوو پاسەوانی لەگەڵ

نـاردبوو تـاوەكو نزيـك دێیەكەی لەبەر پیلانی ئەو ناپاكانە.

دەنگ و باس بڵاو بووەوە كە وەزیری ناپاك و بەرپرســە بەرتیلخۆرەكـان كـاتێـك زانییـان گوروون ســەر ســنووری چۆڵ كردووە و لەتاو چاكە و پیاوەتیی شـــاخەوان ڕایان كردووە بۆ شـــار و ئیتر ئەو دەســتكەوتەی جارانیشـــی نامێنێت، بۆ ئەوەی لای والییش ئەوەندەی تر ڕەش نەبن، پیلانێكیان دانا بۆ ئەوەی گوروون بكەوێتە داوەوە، كـارێكی وایـان كرد لە كـاتی بڕینی ماڵە دەوڵەمەندێكدا پاسـەوانەكان لێی بێنە دەســـت و ئەویش تەقەیـان لێ بكـات و یەكێك لە پاســەوانەكان دەكوژێت، پاشـــان خۆیشی بە برینداری گیرا و دەستبەسەر كرا.

دوای چاكبوونەوەی بە تۆمەتی كوشــتنی ئەو پـاســەوانە، بەو هەمـوو شـــایەتـیـیەی كـاروانچییە لێقەوماوەكـان لە ســەریانـدا و بە دانپێدانانی هــاوەڵــەكانی كە ئــەم گوروونە



چەند تاوانی کردووە و چۆن خاڵە کەریمی باوکی شاخەوانیشی کوشتووە، بەو تاوانانە دادگای شار، بە فەرمانی والی بڕیاری دا بە زیندانیکردنی گوروون بۆ هەموو ژیانی و تاوەکو مابێت زیندانی بێت.

لە هەمان کاتیشدا والی بە فەرمانێکی تایبەت شاخەوانی کردە بەرپرسی ئەو ناوچەیە و دەسەڵاتی ئەوتۆی پێ دا، کە بۆ خۆی گەورە و دەمڕاستی ناوچەکە بێت و ئاسایش بپارێزێت و کاروباری خەڵکەکە بەڕێوە ببات، بەردەوام بێت لەسەر ئاوەدانکردنەوە و خزمەتکردن.

دوای یەک-دوو مانگ گوروون ئەقڵی تێک چوو لە ناو زینداندا و بەتەواوی شێت بوو.

ئەم ڕۆمانە بۆمان دەردەخات کە دەبێت مرۆڤ هەر باش بێت و کاری ڕاست و بێپێچوپەنا بکات، خاک و میلەتەکەی لە هەموو شتێکی خۆی خۆشتر بوێت و دەستی یارمەتی درێژ بکات بەپێی توانا بۆ هەژار و

**لێقەوماوان... بۆ ئەوەی لە ژیانیدا هەمیشـــە خۆشــەویســـت و ســەربڵند بێت و بۆ کوێ ڕۆیشـــت پەنجەی بۆ درێژ بکرێت و بگوترێت یا خوا مرۆڤی وا هەر بژیی و هەر خۆش بێت.**

**گەلاوێژ**

**سێشەممە ٢٠٠٦/١/٣١**